

# کەریمی حەلەکە

## ئەستێرەیەکی پڕشنگداری نەتەوەی کورد

# کەریمی عەلەکە.. ئەستێرە پرشنگدارەکەی سلێمانی



جەمیل عیسا

هەندێ لەدەوڵەتان تووشی پلەی کوشندە دەبنو جارێک تیائەچنو نامێنن، کەچی هەندی قەومی تر بەرێو شوێنیکی حەکیمانە حاڵی خۆیان رێکوپێک ئەکەنو ئەکەونە خۆشی ژیانەوە.

ئەو دوو نموونەیە شتێکی وا گرنگە نەک هەر لەسەر پیاوی گەورەی دەوڵەت یان پەرلەمانتارەکان، لەدوایشدا پێویست بێ کە تێبینی ئەمە بکەن، بەڵکو ئۆباڵی ئەگەڕێتەوە سەر هەر تاکێکی میللەت، واتە ژنو پیاو هەموویان دەبێ پێوەی خەریک بن. پێویستە لەسەر هەموو کەس پیاوو ژنو هەرزەکارو بەساڵاچووەکانو لادێیو شارستانی کەوا بەدەستو عەقڵ لەکاردابن لەم شتانە وردببنەوەو بیری لێبکەنەوە.

وەنەبێ بەرزبوونەوەی نەتەوەیەک یان بەناخی زەویداچوونی، هێزگرتنی دەوڵەتێک یان تەنکبوونی هەر بەسایەی بەکاربوونی پیاوانی ئیدارەو یان بێ کارەییانەوە بێتەوە کایەوە. کەوا بەپیاو چاک یان بەپیاو خراپو بەئازاو یان بەزاڵم بژمێردرێن، بەڵکو هەر تاکێک لەتاکەکانی میللەت بڕەندەیەکی (مەقەستێکی) نەتەوەکەنو وێنەیەکی گیانداری تەواوی میللەتەکەیانن لەکۆگای میللەتەکەیان خوڵقاونو لەوانن.

میللەت هەر چۆنێک بێت پیاوانی ئیدارەشی ئاوەها دەبێت. لەکۆنەوە بێژراوە (هەر قەومە تووشی ئەو پیاوە ئیدریانە ئەبێت

كە پێی لایقە)) كەچی زۆرجی داخە هێشتا ئەم شتە ڕاستە بەتەواوی وەها نەزانراوە، بۆ ئاشكراكردنی ئەم ڕاستییە داپۆشراوە تكا ئەكەم لێم ببوورن تا ئەم پرسە مێژوویی و فەلسەفییە روون دەكەینەوە.

كێ مێژووی میللەتان ئەخوڵقێنێت و كێ بنیاتی دەوڵەتان دائەنێت لەزەینی ئادەمیزاددا؟ حەساوەیی گەورە گەورە ئەخاتەوە؟ ئایا ئەمانە چەند كەسانێكی ئازای بەجەرگن ئەچنە كایەوەو پێكیدەهێنن یاخود بەتێكۆشانی هەموو كەسێكی میللەتو هێزی گیانی هەموو نەتەوەكە پێكدەهێنرێت؟

(كارلایل) ئەدیبێكی بەناوبانگی ئینگلیزەو بڕوای بەقسەی پێشینان هەیەو لەسەر سەلماندنی ڕۆیشتووە، بەڵام تۆلستۆی گەورە ئەدیبی روس لای قسەی دووەمین ئەگرێ.

كارلایل لەكتێبی ئازایانەو ئازایەتی لەمێژوودا بەناوی ئازایەتیو پێگەیاندنی ئازایانەوە بابەتە مەزهەبێكی داهێناوە، بەپێی بۆچوونی (كارلایل) میللەت كۆمەڵە گڵەسورێكی دامردووی ئەوتۆیە گیانداریتی تیا نابینرێت، ئەگەر نەكەوێتە دەست یەكێكی بەهونەرو زانا هەتا قیامەت بەبێ بزووتن و بەبێ شكڵ ئەمینێتەوە، بەڵام ئەگەر یەكێكی گەورەی پڕ هونەر (فن)و پیاوێكی ئازای وەك (محەمەدو سزارو ناپلیۆنو پەترۆسی گەورەو سوقرات))یان لەناو هەڵكەوتو ئەو كومەڵەی هێنایە كار ئەتوانن هەموو شكلێكی پێبدەن.

جەنگیزخان بەسەدان هەزار لەخێڵەكانی ئاسیای كۆكردەوەو چینو روسیاو هندستانو ئێرانی پێداگیركردن. ((پیتەری)) قەشەی ڕاست بۆوە لەكیشوەری ئەوروپادا هەموو كاسۆلیكەكانی هێنایە خرۆش تابچن قودس لەچنگی موسڵمانەكان ڕزگار بكەن. مارتن لۆسەر چاكسازی لەئاین بەجێهێنا، كەچی نیرۆنو گالیگولا رۆمایان وێرانكرد.

خووڵاسە، بەڕای (كارلایل) ئەوانەی مێژووی میللەتانو مێژووی ئادەمیزاد لەنەبوونەوە دروست دەكەن ئەوە بابەتانەكەو گیانیان بەهێزەو زیرەكیو ئازایەتیان لێئەوەشێتەوە. هەر وەكو (رامسەسو رومولوسو لۆسەرو بسمارك) ئەمانە هەموویان كەڵە مێردن.

بەڵام ڕای (تۆلستو)ی پێچەوانەیەو دەڵێ: گیانی بەخشندەو ئەوانەی بەرەنگاریو قوەعات ئەبنو شتی تیا بەرهەم ئەهێننو ڕەنگو بۆی پێئەدەن، پیاوی تاك تاكی وەكو ناپلیۆن نموونەی ئەونین بەڵكو كۆگای میللەت خۆیەتی.

میللەت وەک کای پرشو بڵاوبووەوەی سەرزەوی وایە، بەڵام پیاوانی ئازاو گەورە وەک لەئاسمان بەربووبنـەوە وەهـان، دەبنـە بروسکەو کایەکە هەڵدەگیرسێنن، گیان ئەخەنە قەومەکەوەو ئەیانهێننە بزووتن .(١)

بەڵێ (کەریمی عەلەکە) ئەمجۆرە پیاوە گەورەو ئازایەیە لەبروسکە ئەچێت، بـەڵام میللەتیش کۆمەڵـە خۆڵێکی دامردووکـای کۆنە نییە، چونکە ئەو برووسکەیە لەخودی میللەتەکە دەرچووە.

کەواتە خەڵکی سلێمانیش خەڵکێکی زیندوو و ئـازاو چاونەترسن، خـەڵکێکی دیـارو بەهرەمەنـدو داهێنـەرن، ئەگـەر لـەخودی میللەتەکەدا تۆوی ئازایی‌و بیری مەردایەتی ببێت، بروسکە پەیدا ئەکا، ئازاکانی ناو میللەت دەرئەکەون، خۆ ئەگـەر میللـەت وەکو هەڵمێکی ساردەوەبوو وابێ هیچ هێزێکیش تیا نابێ کە بروسکە بکا.

مایـەی شـانازییە بـۆ خـەڵکی سلێمانی‌و هـەموو کوردسـتان کەڵـەپیاوێکی بروسـکە ئاسـا لـەناو میللـەتێکی هۆشـیارو ئـازا هەڵقوڵێبێت‌و هەڵکەوێت‌و گەرمی بەخەڵک ببەخشێت.

## لەهەرمۆتەوە بۆ سلێمانی

کەریمی عەلەکە (عەبدولکەریم کوڕی ئەلیاس کوڕی پۆڵس کـوڕی ئیبـراهیم) لەسـاڵی (١٨٦٨ یـان ١٨٧٦ لـەدایک بـووەو لـە ٢٥ - ١ - ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە (٢)

بەڵام (سوارە هەورامی) دەڵێت لەساڵی (١٨٦٨) لە دایک بووە (٣)

هەرمۆتە یان گوندی (ئەرمۆتە) دەکەوێتە دامێنی چیای سەرکەشی باواجی‌و خورئاوای شاری کۆیە بەدووریی (٤) کم لەچەقی شارەوە، بەڵام ئێستابووە بەگەڕەکێک لەشاری کۆیە.

شوێنی جوگرافی وایکردووە ببێت بەپشتێنەیەکی گرنگی شـاری کۆیـە، لەبـەر سـازگاری ئـاو و هـەواو هەڵکەوتـەی سروشتی‌و ئاوی زۆرو ڕەزو بـاخی دڵڕەفێن وەکو درختی زەیتـون‌و مێـو و هـەنارو هـەنجیرو دارچنـارو داری بـی‌و.. هتـدو سـوود لـەزەیتون‌و ڕوونی زەیتون وەردەگیرێت، هەروەها بەچاندنی دانەوێڵەو سەوزەو تووتن بەناوبانگە...



سەرچاوە
Serchawe

هەرمۆتەو کۆیە دووناوی پەیوستو تەواوکەری یەکترن، ئەم گوندە هەموو مەسیحی نشینە، بەڵام بەهۆی ڕەنجبەریو شوانیو گاوانی هەندێکماڵە موسڵمانی تێدا نیشتەجێ بووە. جگەلەوەش خزمایەتیو تێکەڵاوی لەنێوان مەسیحیەکانی هەرمۆتەو کۆیە هەیەو لەگەڵ خەڵکی کۆیە بەیەکتر بەستراونەتەوە (٥)

هەرمۆتە خاوەن مێژوویەکی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاینو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی ئەم گوندە باوەڕی بەئاینی مەسیحی هێناوە، تەنانەت ناوچەیەی کۆیەو هیرانو نازەنینو بێتواتەو دۆڵی مەرگەو هەموو ناوچەکانی تری کوردستانیش لەپاڵ ئاینی زەردەشتیو جوو، ئاینی مەسیحی هەبووە، لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا گەورەترین بەرگری لەو گوندە کە ئەو کات شارێکی گەورە بووە، کراوە (٦)

## ناوی گوندی هەرمۆتە یان (ئەرمۆتە) چەند لێکدانەوەیەکی هەیە:

١- ئەرمۆتە لەدوو ووشە پێکهاتووە (ئەرعا) بەواتای زەوی یان خاک وە (موتا) واتە مردن بەواتای خاکی مردن - مردوان . هۆکارەکەشی بۆ قەتڵوعام، یان نەخۆشی دەگەڕێتەوە.

٢- لەبەرئەوەی وشەی (ئەرمۆتە) بەمانای هەنار دێتو هەرمۆتەش ڕەزو باخی هەناری زۆرە، ڕەنگە ئەمەشیان لای بەشێکی زۆری خەڵکەکە پەسەند بێت.

٣- ئەرموتە: بەپێی لێکدانەوەی زمانەوانی عەونی شاعیر (٧) هەر وەکو بۆی باس کردم، بەم شێوەیە ((ئار) بەواتای پیرۆز - مقدس دێت، هەروەکو (ئاریان - ئەرادن - ئارماوە - ئەرگۆش - ئارارات - ئەرز رۆم - ئەربیل) ...هتد. و بڕگەی دووەمی ناوی ئەو شوێنەیە یان ئەو مەبەستەمان پێدەدات.- بەرنامەی ڕێگا - تەلەفزیۆنی زاگرۆس بڕگەی یەکەمی بەناوی ((خاک)) و بڕگەی دووەمی بەناوی (مەتا- مەتی) بەواتای زەوی مەتی دێت.

بەهەرحاڵ پیاوە مەزنەکەی ئێمەو بنەماڵەکەیان لەم گوندەوە هاتووتە دونیاو کۆچیان کردووە بۆ شاری سلێمانی لەساڵی (١٨٦٠)، باپیرە گەورەی بەندە (کەریم ئیسحاق توما قەساب) دەیگوت مەسیحییەکانی سلێمانیو سنە خزمی خۆمانو لەبنەماڵەی ئێمەن، کاتی خۆی بۆ کاروکاسبی و بازرگانی ڕوویان کردە سلێمانیو ئێران (٨).



سەرچاوە
Serchawe

## لەسلێمانی

### یەکەم: گەڕەگی گوێژە

شاری سلێمانی لەساڵی (١٧٨٤) لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە دروستکراوە، لەدوای گواستنەوەی پایتەختی میرنیشینی بابان‌و بنیاتنانی گەڕەکی (گوێژە)، یەک لەو ماڵە مەسیحیانەی کەلەو گەڕەکەدا نیشتەجێ بوون بنەماڵەی (پۆڵس)ە کە کوڕی (ئیبراهیم)ە، پێش هاتنی بۆ ئەو شارە دانیشتووی گوندی (ئەرمۆتە)ی نزیک شاری کۆیە بووە، پوڵس دوو کوڕی بەم ناوانە هەبووە (ئەلیاس، پتروس).

ئەلیاس کە ناسرابوو بە (عەلەکە) ئەو نازناوەی لەوەوە وەرگرتووە کە وشەی ئەلیاس بەگران دەهاتە سەر زمانی خەڵکەکەی دەورو پشتی‌و ناچار پێیان دەوت (عەلەکە)، بنەماڵەکەشی زیاتر بەوە ناوبانگی دەرکردو ناوبراو کاری بازرگانی کردووە، چوار کوڕو دوو کچی لەدوا بەجێماوە (عەبدولکەریم، عەبدولڕەحیم، رزوقی، فرنی، بەرباره، خانم) عەلەکەی ناودار کاری بازرگانی لەنێوان عیراق و ئێران و شامدا دەکردە، بەزۆری بازرگانی سابوونی حەلەب و گەنم و کڵلەی رێوی (١٠)

### دووەم: بازرگانی

عەبدولکەریم ئلیاس لەساڵی (١٨٦٧) لەدایک بووە گەورەترین براکانی بووە (رزقةالله، عبدالرحيم فرنسيس).

باوکی کریم عەلەکە بازرگانێکی گەورەبوو (دانەوێڵەو لۆکە).. هتد، لەدوای باوکی هەمان پیشەی گرتۆتە دەست، بازرگانی لەگەڵ ئێراندا کردووەو براکانی ناردۆتە ئەوێ‌و هەماهەنگی لەگەڵ بازرگانەکان‌و بازاڕی بەلای خۆی ڕابکێشی‌و ببێتە دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندەکانی شارەکە. زمانێکی بازرگانی‌و عەقڵێکی بازرگانی باشی هەبووە بۆ ڕاکێشانی بازرگانەکان بەلای خۆیەوە (١١)

### سێیەم: خێرخواز

لەساڵی قاتو قڕیدا (١٩١٦ - ١٩١٧) کە جەنگی جیهانی یەکەم لەوپەڕی گەرمیدا بوو، لەلایەکەوە وشکەساڵی لە پاڵ

شەڕەكاندا بوو و بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی برسێتیو بێكاری بەشێوەیەكی زۆر ترسناك، بەڵێ زۆركەس لەبرسانا مردن، سروشتی بووە كەوا لاشەی مرۆڤە مردووەكان لەشەقامو كوچەو كۆڵانەكان كەوتبون، بەشێوەیەك لاشەكان دەمانەوە تاوەكو خێرخوازەكان بیاننێژن! ئەمە گەورەترینو ترسناكترین شت بوو.

بەڵێ، بەمبارە سەختەوە لەوكاتەدا پیاوێكی مەسیحی، كە لە پیاوە هەڵكەوتووەكانی سلێمانی بوو بۆ جیهانی سەلماند كەوا ئەو لەحاتەمەتی تەی سەخیترە بەكردەوە نەك بەقسە، ئەمە لەكاتێكدا دەیان كەس لەبازرگانە چاوچنۆكەكان ئەم بارە نائاساییەیان قۆستبووە بە بەرزكردنەوەی نرخی ئاردو دانەوێڵە، كە وای لێهاتوبوو نرخی یەك هوقە ئاردیان بەسی لیرەی رەشادی دەفرۆشت، بەمشێوەیە پارەو پوولو سەرمایەكی زۆریان كۆكردەوە، بەڵام لەهەمان كاتدا ناوبانگو كەسوكارەكانیان لەدەستدا! بەڵام كەریمی عەلەكە بەپێچەوانەوەی ئەوانەوە هەڵسا بە:

بەكڕینی بڕێكی زۆر لەبەروبومو دانەوێڵەو گلیدایەوە لەناو گەنجینەكانی خۆیو پاسەوانی توندوتۆڵی لەسەر گەنجینەو عەمبارەكاندا دانا، بەم شێوەیەی خوارەوە وەكو ئەركێكی مرۆڤایەتی هەڵسا بە:

١- نرخەكانی دابەزاند بۆ نیوەی بۆ ئەو كەسانەی كە توانای كڕینیان هەیە.

٢- بۆ هەژارانو موحتاجەكان بەخۆڕایی، بەڵێ بەخۆڕاییو بێ بەرامبەر.

٣- دامەزراندنی ئاشێك كە شەو و رۆژ كاری دەكرد لەپێناوی خزمەتكردنی هەژاراندا.

٤- دامەزراندنی نانەواخانەیەكو نانی بەخۆڕایی بەسەر خەڵكدا دەبەخشیەوە، هەر لەبەیانیەوە تاوەكو ئێوارە.

٥- هەموو ئێوارانێك خواردنو شێوی زۆری دروست دەكرد لەشۆربەی برنجو گۆشت بۆ هەژارو موحتاجەكان، یان هەر هەژارێك بۆی هەبوو دوای نان خواردن بەشی خێزانەكەشی بباتەماڵەوە.

٦- بە بەردەوامی گەنمو جۆو دانەوێڵەو برنجی بەنرخێكی گران دەكڕیو بەخۆڕایی دابەشی دەكردەوە، بەم كارەی بازرگانەكانی تری شار پێی سەرسام بوو بوون بەم كردەوانەی و ئەم سەخاوەتە گەورەیەو ئەو ڕەوشتە بەرزەیەوە.

بەم شێوەیە هەزاران کەسی لەمردنی مسۆگەر رزگارکرد، بەڵێ چاکەی یەکەمو دوایی بۆ ئەم پیاوە خێرخوازە دەگەڕێتەوە لەڕزگارکردنی برسییەکانو هەژارانی ڕۆڵەکانی شارە خۆشەویستەکەیو خەڵکی سلێمانیو دەوروبەریدا.

## چوارەم. پێکەوە ژیان

ئاشکرایە کەوا خوالێخشبوو (کەریمی عەلەکە) مەسیحی بووە، ئەمە لەوە سەرچاوی گرتووە کەوا لەگوندە ڕەسەنەکەی خۆیو لەشارە دێرینەکەی حاجی قادر ئەم پێکەوە ژیانو گیانی لێبوردەیی بەردەوام بووە و هەیە.

کایتن های لەکتێبەکەیدا نووسیویەتی (بەڕاستی جەمیل ئاغای حەویزی پیاوێکی بەوەجە شانازی بەکوردبوونی دەکات، ئەمینترینو ڕاستگۆترین کەسە لەوانەی ناسیومن، پیاوێکە دەمارگیری نیە، ئەو جووانەی لەگەڕەگی (هەواو) کە جەمیل ئاغای تێدا دەژیا ئەویان بەپارێزگاری خۆیان دەزانی، هەروەها ئەو مەسیحانەی لەسەر زەویەکانی ئەودا کاریان دەکرد هەمان هەستیان هەیە(١٣).

ئەم هەستە بەرزەش لەناو بنەماڵەی عەلەکە ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە بەبێ جیاوازی لەناو شاری سلێمانیش خۆشەویستیو پێکەوە ژیانو ئاشتیو خێرخوازیو ڕێزگرتنی یەکتری بەشێوەیەکی باشو جوانترو گەشتر لەسەر دەستی کەڵەپیاوی سەردەمی خۆیو بۆ ئێستاش، لەسەردەستی کەریم عەلەکە بەدیدەکرێتو ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆ ئەو مەبەستە هەڵساوە بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریو یارمەتی بۆ مزگەوتەکانی شاری سلێمانی.

ئەو خاوەنی کارێزێکی ئاو بوو، بەڵام ئەو کارێزە ئاوەی پێشکەش بەخزمەتکردنی مزگەوتەکانی شاری سلێمانی کردووەو فەرمانیداوە بەڕاکێشانی جۆگەو گەیاندنی ئاو بۆ مزگەوتەکان کە ئەمانەن:

١- مزگەوتی شێخ ئەمین.
٢- تەکیەی ڕووتە.
٣- مزگەوتی حەمزە ئاغا.
٤- تەکیەی شێخ محەمەد بەرزنجی.
٥- ژمارەیەک مزگەوتی تر.

هەروەها پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی دەستشۆرو تەوالێت بۆ مزگەوتەکان!

فەرمانیدا بەناشتنی هەموو مردووەکان لەسەر حیسابی تایبەتی خۆی.

خودی خۆی سەردانی ماڵە هەژارەکانی دەکردو هاوکاری دەکردن.

کڕینی جلوبەرگی زستانە بۆ خوێندکارە هەژارەکان.

لەڕۆژانی ئاساییدا هەموو خەڵکی دەعوەت دەکردو خواردنی بۆ دروست دەکردن.

## پێنجەم: لەڕووی سیاسەتو ئیدارەدا

لەگەڵ دروستبوونی شاری سلێمانی چەندین شۆڕش لەناوەوەو دەرەوەی سلێمانی روویداوە، بەڵام هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە تاساڵی (١٨٥١) کە سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی بابانەکان بووە، ئارام بووە، لەسەردەمی عوسمانییەکانیدا سلێمانی لەگەڵ شەڕدا نەبووە چونکە شێخ مەحمود هەوڵیداوە هەمیشە شارەکە ئارام بێت(١٥)

دیارە هەردەم دەوڵەتە داگیرکەکانی کوردستان لەهەوڵی نانەوەی ئاژاوەو پشێویدا بوون، هەر لەدەوڵەتی عوسمانیو ئینگلیزەکانو هەوڵی ئەوەیانداوە خێرو سامانی وڵاتەکە بدزنو بەتاڵانی ببەن، جا مەبەستەکانیان نانەوەی ئاژاوەی ئاینی، نەتەوەیی، مەزهەبی بووە بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵات بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنن، بۆ ئەو مەبەستە پیاوانی شاری سلێمانی لەلایەن مێجەر سۆن داواکراوە، یەکێک لەمانە کەریم عەلەکە بووە وەکو ئەشرافی شارەکە (١٦)

لە ١٠ی تشرینی یەکەی ساڵی (١٩٢٢) لەپایتەختی کوردستان، شاری سلێمانی، شێخ مەحمود حکومەتەکەی ڕاگەیاند کە یەکێک لەوەزیرەکانی کەریم بووە بە وەزیری دارایی (١٧)، لەسەردەمی عوسمانیەکان ئەندامی (مەحکمەی جەزای سلێمانی ) بووە بەپلەی ((قازی)) بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی بازرگانی و بازرگانان.

## شەشەم: نیشتمانپەروەری تاسەر ئێسقان

لەکاتی بۆردومانکردنی شاری سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە، زیاتر لە ٩٠%ی خەڵکی شارەکە کۆچیان کردو هەمووماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشت، بەڵام کەریم عەلەکە لەگەڕەکی گوێژە مایەوەو ماڵەکەی چۆڵ نەکرد، چونکە زۆری پێناخۆشبوو کەوا ئەوە خەڵکە دەربەدەربێو شارەکە چۆڵ بکرێت، خۆیو خێزانەکەی لەشارەکەو لەگەڕەکی خۆیان مانەوە لەپاڵ ئەویش حاجی برایم ئاغا لەگەڕەکی (گوێژە) مانەوە.



سەرچاوە
Serchawe

كاتێک سوپای ئینگلیز چوونە ناو شار، فەرماندەی لەشکرەکە ڕوویکردە ماڵەکەی کریم عەلەکەو سەری سورما چۆن کە چۆن لەوێ ماون، پرسیاری لێکرد: سەرم سوڕما چۆن شارەکەت بەجێنەهێشت؟ وەڵامیدایەوەو وتی: من کوڕی ئەم شارەم، زۆر عەیبە لەخۆشیدا لەشار بمینێمەوەو لەکاتی ناخۆشیدا بەجێیبهێڵم.

فەرماندەکە سەری سورما لەجەسووریی نیشتمانپەروەری ئەم پیاوە.. هەر بۆیە زۆر ڕێزی لێگرت.

هەر کە هێزی ئینگلیز چوونە ناو شارەکە هەڵسان بەتاڵانو بردو دزینی زۆربەی ماڵە دەوڵەمەندەکان لەوانە ماڵی (شێخ مەحمود حەفید)، خوالێخۆشبوو کەریم عەلەکە هەڵسا بەکڕینی هەموو کەلوپەلەکان لەسەربازە ئینگلیزەکانو دواتریش گەڕاندیەوە بۆ خانەوادەکانیان بەبێ بەرامبەر!

لەساڵی (١٩١٣) کونسوڵی روسیا سەردانی سلێمانی کرد، سەردانی کەنسیەی کردو داوای لەقەشەکرد کەوا چاوی بەگەورەترین کەسایەتی شارەکە بکەوێت، قەشە وەڵامی دەداتەوە: هیچ کەسێک نییە جگە لەکەریم عەلەکە، کونسوڵ بەدوای نارد بۆ ئەوەی سەردانی کەنیسە بکات و چاوی پێبکەوێت، بەڵام خوالێخشبوو ڕەتیکردەوە بچێت بۆ کەنیسەو چاوی بەکونسڵ بکەوێت! ئەو کات کونسڵی روسیا گۆتی: باشە من سەردانی دەکەم!

کریم عەلەکە وەڵامی دایەوە نامەوێت سەردانم بکات، بۆچی دەیەوێت چاوی پێم بکەوێت، من کەسایەتیەکی نیشتیمانپەروەرم و حکومەتی خۆم هەیەو موتەسریفمان هەیە لەلیوای سلێمانی، نامەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەم، دیارە پێویستی بەشتێک هەیە، بۆچی چاوی بەموتەسەریف ناکەوێ، پیاوی موتەسەریف ئەو نوێنەرایەتی حکومەتو خەڵک دەکات. هیچ شتێکم نییە گفتوگۆی لەگەڵ بکەم نەکونسوڵی روسیاو نە لەگەڵ هیچ کونسڵێکی بێگانەدا!

چاوی بەکونسڵی نەکەوت، کاتێک دەسەڵاتدارانی خۆجێی ئەم هەواڵەیان بیست سوپاسیانکرد لەبەر جەسووریو ئازایەتیو نیشتیمانپەروەریدا!

لەساڵی (١٩٢٢) بەریتانیا فەرمانیدا ئەگەر شێخ مەحمود لەسلێمانی دەرنەچێت هەڵدەستی بە بۆردومانکردنی شارەکە بەهۆی فڕۆکەکانیەوە، وەفدێک دروست دەکرێت بۆ بەرهەڵستی بەسەرۆکایەتی کەریم عەلەکەو دەچنە کەرکوکو لەوێشەوە بۆ بەغدا، لەبەغدا قسەکەری وەفدەکە دەبێت چونکە زمانی عەرەبی، کلدانی، کوردی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی بەباشی دەزانی..

چاویان بەمەندوبی سامی کەوتو مەترسیەکانی ئەم کردەوەیان بۆ ڕوونکردەوە، هەروەها چاوی بەشا فەیسەڵی یەکەم کەوتو داوای لێکرد واز لەدابڕانی شارەکانی سەر بەلیوای سلێمانی بێنن.

### حەوتەم: ماڵئاوایی

لەساڵی (١٩٢٣)، کەریم عەلەکەو خێزانەکەی بۆ شاری کەرکوک کۆچ دەکەنو هەر لەوێش یارمەتی خەڵکێکی زۆر دەدات، دواتریش لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕوودەکەنە شاری بەغداو لەوێ نیشتەجێ دەبن، لە ٢٥ - ١ - ١٩٤٨ کەریم عەلەکەی نیشتمانپەروەری مەزن دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێتو بۆ هەتا هەتایی ماڵئاوایی لەکەسوکارو خەڵکی شاری سلێمانیو کوردستان دەکاتو لەگۆڕستانی کاسولیکی لەشاری بەغدا بەخاک دەسپێردرێ، ئێستاش شەقامێکو خوێندنگایەکی بەناو کراوە لەشاری سلێمانی.

-هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەم کەڵە پیاوە، هەزاران سڵاو لەشاری سلێمانی مەزن، - هەزاران سڵاو لەو خێرومەندە نیشتمانپەروەرو جەسورو ئازاو سنگ فراوانو خۆشەویست بۆ خاک و نیشتمانەکەی، هەزاران سڵاوبۆ ئەوانەی کە نووکی پێنووسەکانیان دەخەنە گەڕ لەسەر ئەم کەڵە پیاوە گەورەیە دەنووسن.

### ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەوا کەریم عەلەکە:

١- مەسیحییەکی کلدانی خەڵکی گوندی هەرمۆتەی سەر بەشاری کۆیە بووەو کۆچیان کردووە بۆ شاری سلێمانی.

٢- پیشەی بنەماڵەکە بازرگانی بووە، بەڵام کەریم عەلەکە برەوی پێداوەو گەشەی پێکردووە لەنێوان عیراقو ئێرانو شامدا.

٣- پیاوێک بووە تاسەرئێسقان خاوەن هەڵوێستو نیشتمانپەروەر بووە.

٤- پیاوێکی خێرومەندو خێرخواز بووە لەکاتی برسێتیو قاتوقڕی سەفەر، خەڵکی هەژارو ڕەشو ڕووتی ڕزگاکردووە.

٥- کەڵە پیاوێک لەسەر بنەمای ئاشتیو پێکەوەژیانو لێبوردەییو هەڵگرتنی پەیامی مەسیحی بووە، بۆیە بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو ئاینو نەتەوەو مەزهەبەکانی کردووە.

**پەراوێز:**

١) گریکوریو پیتروف - لە وڵاتی گولەزی نیەقی سپیا - گورینی سالم قەفتان .چاپخانەی (سلمان الاعظمی) بەغدا .(١٩٧٠)، لاپەڕە (٢٢،٢٤)

٢) بەری نوئیل یوسف . سوید

٣) سوارە هەورامی - لە یادی چل هەمین ساڵگەری کۆچی ڕەنگین - ١٨

٤) بڕوانە کوردستانی نوێ ژمارە (٢٢٤٤) لە ٦ - ٩ - ٢٠٠٠ نووسینی جمیل عیسا لاپەڕە (٩).

٥) حنا ئەنتوان توما - نووسەرو ڕۆژنامەنووسی لەدایکبووی (١٩٢٤) و لە (٢٠٠٧) کۆچی کردووە.

٦) کوردستان و ئاینی ئیسلام - مەلا رەئوف سلیم حەوێزی . لاپەڕە (٨٣ - ٨٨)

٧) عەونی شاعیر لەدایک بووی شاری کۆیەو هەر لە کۆیەش کۆچی دوایی کردووە . چاوپێکەوتن لە هاوینی (١٩٧٠).

٨) بەرنامەی ڕێگا - تەلەفزیۆنی زاگرۆس

٩) بڕوانە کوردستانی نوێ ژمارە (٢٢٤٤) سەرچاوەی پێشو .

١٠) شەجەرەی بنەماڵەی دێرینەکانی سلێمانی لە نێوان (١٧٨٤ - ١٩١٤)، عبدالخالق سابر - چاپی دووەم ٢٠١٠، لاپەڕە (١٤٦٩).

١١) کلدانیەکی سلێمانی لە حاتەمی سەخیتربووە - نووسینی جەلال چەرمەگا ١٠ی ئۆکتۆبەری (٢٠١١)

١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣) گۆڤاری ئەکادیمای کوردی ژمارە (٢٨)، و. د.شەماڵ حەوێزی لاپەڕە (١٧٢)هەولێر ٢٠١٤

١٤) کوردستانی نوێ ژمارە (٥٩٩٥) لە ٢٥ - ١ - ٢٠١٣ ، نوسینی عبدولی حمە باقی ل ٣

هەروەها: کوردستانی نوی ژمارە (٥٩٩٥) لە ٥ - ٢ - ٢٠١٣ ، ن، لەتیف فاتح فەرەج ل ١٣

هەروەها: جلال چەرمەرگا، نووسەرو ڕۆژنامەونوس - سویسرا

١٥) کوردستانی نوی (٥٩٢٧) چوارشەممە ١٤ - ١١ - ٢٠١٢ (سلێمانی - ٢٢) ل ٣.

١٦) بڕوانە (ئەحمەد خواجە - چیم دی . چاپی دووەم ٢٠١٣ ل ٦٠

١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٨.

بۆ زانیاری زیاتر هەروەها: جوڵانەوەکانی شێخ محمود (محمد هاوار، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواری کوردستان، بەرگی دووەم. لەندن ١٩٩١.

هەروەها: هۆزان سلیمان الدوسکی. جمهوریە کوردستان، بیروت، لبنان ٢٠٠٦ ل ٣٥.



سەرچاوە Serchawe

١٨) کلدانیەکی سلێمانی - نووسینی جلال چەرمەگا ١٠ی ئۆکتوبەری ٢٠١١.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١- گۆڤاری سلێمانی ساڵی ٢٠٠١.

٢- حەپسەخانی نەقیب - درەخشان شێخ جلال حەفید (١٩٩٩) ل ١٥

٣- تحفه سلێمانی: هجری دەدە کرکوک، ١٩٣٥ بغداد ل ٤٣

٤- گۆڤاری سلێمانی: ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠٠٢

٥- فریشتەیەکی سەرزەمین - تەها احمد صالح - دار النشر الکردیه - بغداد - ١٩٧٧

٦- گۆڤاری سلێمانی ژمارە (٩) شوباتی ١٩٦٩ لا ٥١ - ٥٣ نووسینی غەریب زێوەر.

٧- رۆژنامەی العراق ژمارە (٣٣٣٩) لە ١٤ - ١ - ١٩٨٧.

٨- جریدەی التاخی - اعلام الکرد نوسینی جمال بابان ١٩ - ٨ - ١٩٧٨.

٩- شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی عبدالخالد صابر، چاپخانەی گریس گلوری بیروت (٢٠١٠) ل ١٤٦٩.

١٠- کوردستانی نوێ ژمارە (٢٢٤٤) لە ٦ - ٩ - ٢٠٠٠ نوسینی جەمیل عیسا.

١١- کوردستانی نوێ ژمارەی (٥٩٨٦) لە ٥ - ٢ - ٢٠١٣ نوسینی عەبدولی حەمە باقی.

١٢- کوردستانی نوێ ژمارە (٥٩٩٥) لە ٥ - ٢ - ٢٠١٣ نوسینی لەتیف فاتح فەرەج.

١٣- السلیمانیه - ویکبیدیا - الموسوعه الحره.

١٤- رەفیق حلمی - یاداشت - ١٩٥٧.

١٥- دبلیو .ر.هی. سنتان فی کوردستان (١٩٧٣) ترجمه فواد جمیل.

١٦- ئەحمەد خواجە - چم دی - لە ساڵی ١٩٧٠.

١٧- جریده الاتحاد، کریم علکه، العدد (٢٩٥) فی ٢٨ - ١١ - ١٩٩١ ص ٤.

١٨- کلدانی فی السلیمانیه - الجریده الکترونیه نوروز - مرکز الاعلام ٨ - ٥ - ٢٠٠٨.

١٩- حاتم تەی الکلدانی کریم علکه المنشور فی موقع عنکاوه بتاریخ ٢٤ - ١ - ٢٠٠٨.

٢٠- مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین صلیوە، چاپخانەی زانا ٢٠١٢ سلێمانی.

٢١- بدری نوئیل یوسف - مقال - السوید

٢٢- لەیادی چل هەمینساڵگەری کۆچی دوایی، سوارە هەورامی، ڕەنگین - ١٨.

٢٣- Kurds Turks and Arabs.G.J.Edmonds.landon.1957.p.80.

٢٤- سوودوەرگرتن لەخالد جمال ئەلبێر، بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ١٨ - ٢ - ١٩٩١.

٢٥- محمد رسول هاوار - شێخ محمود قارەمان، دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندن .١٩٩١.

٢٦- هوزان سليمان الدوسكى. جمهوريه كوردستان. الدار العربيه الموسوعات گ ١ ٢٠٠٦ بيروت لبنان ص ٣٥.

٢٧- وليام ايغلت الابس: جمهوريه مهاباد ١٩٤٦ الكرديه. منشورات الجميل. بيروت ٢٠١٢ ترجمه و تعليق جرجيس فتح الله ص ٢٥.

٢٨- هەرمۆتە لە مێژوودا، دەستنووسی، جمیل عیسا ٢٠٠٩.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# کەریمی عەلەکە، پیاوێکی دیاری شار




د.ئاکۆ شوانی

(کەریمی عەلەکە) لە یادەوەری خەڵکی سلێمانیدا بەو ناوە دەناسرێت، بەڵام خۆی ناوی (عەبدولکەریم کوڕی عەلەکە، واتە ئەلیاس کوڕی پۆڵس)ە، لەساڵی ١٨٤٥ لەدایک بووە، ئەو لەسەرەتای ژیانییەوە سەرقاڵ بووە بەبازرگانی لەگەڵ باوکیدا ئەو پیشەیە فێر بووە، بازرگانی(جاو)یان کردووە.

مەسیحییەکان سلێمانی کە دەشێت (کەریمی عەلەکە) نموونەیەکی دیارو بەرچاویان بێت، لەشوێنی جیا جیاوە روویان کردۆتە شاری سلێمانیو ئاینزاشیان جیاوازە، ناوبراو لەگوندی (ئەرمۆتەی) نزیکی (کۆیە)وە هاتۆتە سلێمانی، هەندێکیان لە(عەنکاوە)ی هەولێرەوە هاتوون، بەشێکیان مەسیحی کەرکوکن، ژمارەیەکیان ئەرمەنینو لەباکووری کوردستانەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی.

وێڕای ئەمانەش وەک مێجرسۆن لەگەشتنامەکەیدا باسی دەکات ژمارەیەک لەمەسیحیەکانی موسڵ وەک بازرگان ڕوویان کردۆتە سلێمانیو لەخانەکانی سلێمانیدا سەرقاڵی بازرگانی بوون هەندێکیان وەک سۆن ئاماژە بە (هەتی) ناوێک دەکات (٢٠) ساڵ بووە لەسلێمانیدا بازرگانی کردووە، سەیر لەوەدایە مەسیحیەکان بەگشتی سەرقاڵی بازرگانیکردن بوون لەبواری قوماش، لۆکە، خام، جاو، بابەتەکانیو پێناچێت هۆگری تەرزە کاڵایەکی دیکە بوون.

ئەوان لەساڵی (١٨٦٢)ەوە کڵێسای خۆیان هەبوو کە بازرگانێکی مەسیحی سنەیی دروستیکردووە، سەرچاوەکانی باسی لەوە دەکەن کە ماوەیەک مەترانی کەنیسەکە قەشەیەکی سنەیی بووە، خەڵکی سلێمانی هەرگیز کێشەی ئاینیان لەگەڵیاندا نەبووە، ئەوان نێوانیان خۆشبووە لەگەڵ پیاوە دیارەکانی سلێمانی و خەڵکی ڕەشۆکی شارەکەشدا، تەنانەت ئەو (مەتی) ناوەی سۆن باسی لێوە دەکات ئەو ڕاستیەی بە (سۆن) گوتووە کە هەرگیز لەو (٢٠) ساڵەدا تووشی هیچ گرفتێک نەبووە لە سلێمانیدا، ئەمەش ئەو باوەڕەمان لا دروست دەکا کە مەسیحیەکانی سلێمانی تایبەتمەندی خۆیان هەبووە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوەو زۆر بەسانایی تێکەڵی خەڵکی شارەکە بوون، دەشێت ئەم نموونەیە لەشارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستاندا وا بەزەقی هەستی پێنەکرێت، ئەگەر بەراوردی مەسیحیەکانی سلێمانی بکەین لەگەڵ جولەکەکانی هەمان شاردا دەبینین جیاوازیەکی ئاشکرا بەدی دەکرێت، کە دەشێت لە چەند ڕوویەکەوە ڕوونی بکەینەوە.

ڕووی مێژوویی: جولەکەکانی سلێمانی دەورووبەری زۆر کۆنترن لەمەسیحیەکان و مێژوویان بۆ چەند هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە بەگشتی لە کوردستاندا، بەڵام وێڕای ئەوەش دوورە پەرێز و جیاوازتر ژیاون لەچاو مەسیحیەکانەوە تەنانەت گەڕەکی جولەکان لەسلێمانی دەکەوێتە پەڕی شارەوە، بەڵام گەڕەکی مەسیحیەکان کە بە (گاوران) ناسراوە بەشێکە لە گەڕەکی گۆیژەو تێکەڵە لەگەڵ سابوونکەران و قەزازەکان، ئەمەش ئاماژەیەکی تێکەڵی زیاتریانە لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا.

لەڕووی ژمارەوە: مەسیحیەکانی سلێمانی لەڕووی ژمارەوە زۆر کەمترن لەجولەکەکان کە زۆربەی سەرچاوەکان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن، ڕێچ لە گەشتەکەیدا دەڵێت لەسلێمانی (٢٠٠٠) خانووی موسڵمان و (١٣٠) خانووی جولەکە و (١٤) خانووی مەسیحیەکان هەیە، بەڵام لەساڵنامەی دەوڵەتی کوردیدا ١٩١١ - ١٩١٢ ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی بە (١٥) هەزار کەس لەقەڵەم دەدات کە (١٠٠٠) هەزار جولەکە و (١٧٠) کلدانی (مەسیحی) تێدایە، دەبینین ژمارەی جولەکە شەش هێندەی مەسیحیەکانە، بەڵام وێڕای ئەو ژمارەکەمەش ئەوان بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی سلێمانی بوون و خۆیان بەخەڵکی ئەو شارە زانیوە.

ئەدمۆندز لەکتێبی (کوردو تورکو عەرەب)دا، ژمارەی مەسیحیەکان بە (١٢٠) کەس لەقەڵەم دەدات بەرانبەر بە (١٧٠) جولەکە، بێگومان وەک ئاماژەمان پێکرد مەسیحیەکان بە بەراورد بە جولەکە لەڕووی زەمەنی نیشتەجێ بوون لەسلێمانیو ژمارەیان نوێترو کەمترن، بەڵام سلێمانیترو ڕەسەنترن. کە لێرەدا پێمان وایە ئەم خاڵە بۆخۆی هۆکارێکی دەستنیشانکردنی (کەریمی عەلەکە) یە بە (ڕەئیسی مالیە) لەدووهەمین حکومەتی شیخ مەحمودا لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢ دا.

شێخ مەحمود ئەو فاکتەرەی لەبەرچاو گرتووە، جگە لەو مێژووە پرشنگدارەی کەریمی عەلەکە لەڕۆژگاری گرانیەکەی ١٩١٦

– ١٩١٨ لەسلێمانیدا بۆخۆی تۆمار کردبوو، ئەوەش بەو حوکمەی کەریمی عەلەکە کەسێکی خوێندەوارو خوێنەر بووە و دەستی بەرۆژنامەو گۆڤاری بێگانە ڕاگەیشتووە بۆیە زانیوێتی شەڕو مەرگەساتەکانی وادەکات گرانی و قات و قڕی دابێت، هەر بۆیە ئازوقەو دانەوێڵەیەکی عەممار کردبوو، کە دواتر توانی ڕۆژانە یارمەتی سەدان برسی بدات لەخەڵکی شارەکەو ئاشەکەی خۆشی خستبووە خزمەتی خەڵکی سلێمانیەوە.

ئەو رۆژگارە، رۆژانە خواردنی بۆ هەژاران ئامادە کردووە و تێری کردوون، دواتر ئەم ڕەفتارەی وای کرد بەنەمری لەیادەوەری خەڵکی سلێمانیدا بمێنێتەوە. تەنانەت بەر لەڕاگەیاندنی دووهەمین کابینەی حکومەتی شێخ مەحموودیش (شوکریە ئەفەندی عەلەکە) یەکێک بووە لەئەندامانی ئەو خێزانە کە وەک ئەندامی جەمعیەتی کوردستان هەڵبژێردراوە لە پاڵ ژمارەیەک کەسایەتی دیاری شارەکەدا.

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستیەی کە مەسیحیەکانی سلێمانی بەگشتی و بنەماڵەی (عەلەکە) بەتایبەتی، بەشێک بوون لە بزاوتی نەتەوەیی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی، پەیوەندیی نێوان ئەوان لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا تەنها لەئاستی خەڵکی رەشۆکیەدا قەتیس نەبووە، تەنانەت سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە (شێخ محەمەدە بچکۆلە)ی کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ کچێکی مەسیحی مارە کردووە و کوڕێکی لێ بووە بە ناوی (عیسا). دەشێت ئەم باکگراوەندە هۆکاری سەرەکی ئەوە بووبێت کە دواتر وێڕای دەیان دەوڵەمەندی دیکەی شاری سلێمانی لەجولەکەو موسڵمان، شێخ مەحمودی حەفید (کەریمی عەلەکە) بەوەزیری دارایی هەڵدەبژێرێت، لەکاتێکدا لەیەکەم کابینەی حکومەتی (عەبدولڕەحمان نەقیب) یش دا لەعێراقدا جولەکەیەک کرا بەوەزیری دارایی کە (ساسۆن حسقیل) بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# رەفتاری پیاوانەو بەخشندەیی کەریمی عەلەکە



## وتاری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی

### لەتیف پۆڵس ئەستیفان

لەهەر کاتێکدا لە هەر کۆڕێکدا باسی گرانی و قات و قوتی ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەنێوان ساڵانی ١٩١٦ز تا ١٩١٨ز دا هاتبێتە پێشەوە، یەکسەر رەفتاری پیاوانەو بەخشندەیی (کەریمی عەلەکە) یان یاد هێناوەتەوە و زۆر بەرێزەوە ناوبراوە.

دەبا کورتە باسێک دەربارەی مێژووی ئەو پیاوە بخەینە بەرچاو:

باوکی عەبدولکەریم کە ناوی (الیاس بولص أبراهیم) ە لەساڵی ١٨١٥ز لە گوندی (هەرمۆتە) کە سەر بە قەزای کۆیەیە هاتۆتە دنیاوە، ناوبراو خەریکی (جاو) کرین فروشتن بووە، بۆ پەرەسەندنی کاسبیو بازرگانی هاتووەتە شاری سلێمانی و کاری بازرگانی لەگەڵ (سنە، بانەو هەمەدانی وڵاتی ئێران)و هەروەها لەگەڵ بەغدا ئەنجامداوە.

عەبدولکەریم لەساڵی ١٨٦٧ز لەسلێمانی لەدایکبووە کە کورە گەورەکەی ألیاس بوو و هەمان رێوشوێنی باوکی گرتووە لە بواری بازرگانیدا و توانیویەتی سەرکەوتووانە ئەو کارە ئەنجام بدات کە نووسینگە و خانی هەبووە لە خانە سوتاوەکە و

بووە بە یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندەکانی شارەکە.

ناوی ڕاستەقینەی (عەبدولکەریم ئەلیاس)ە لەبەر خۆشەویستی ئەلیاسەکەیان پێوتووەو لەبەر گرانی وشەکە بووە بە(عەلەکە)و لەئەنجامیشدا بوو بە(لقب)ی خێزانەکەیان، کە یەکێکن لەخێزانە مەسیحیە خانەدانە کۆنە ناسراوەکانی شاری سلێمانی.

عەبدولکەریم کە هەندێک بە(خواجە کریم) ناویان دەبرد، خوێندەوارییەکی باشی هەبوو، وێڕای زمانی کلدانی و عەرەبی و کوردی، زمانی تورکی و فارسیشی دەزانی، پیاوێکی لەخواترسو ڕەوشت بەرزو هەتا بڵێیت ئاقڵو زیرەکو دووربین بووە، لەبەرئەوە خەڵکی زۆر بەڕێزەوە سەیریان کردووە، لەزۆربەی ناکۆکی نێوان بازرگانەکان یان خێزانەکانی شاری سلێمانی ڕوو کراوەتە ئەو پیاوەو ئەویش چارەسەری کێشەکەیانی بۆ کردوون، یەکێک بووە لە پیاوماقوڵانی سەردەمی خۆیو دانیشتوویەکی ناسراوی دیوەخانی بابانەکانو شێخانی ئەوکاتەو لەماڵی خۆشیاندا گەلێک جار کۆڕیان گەرم دەکرد.

کە دەوڵەتی عوسمانی بەشداری جەنگی جیهانی یەکەم بوو لەساڵی ١٩١٤ داو ئێمەش ژێردەستەی بووین، وڵات شێوا، گەنج ئەبرا بۆ جەنگ، سوپای عوسمانی هەرچی ئازوقەو مەڕو ماڵات هەبوو لەشارەکە دەستی بەسەردا گرتو ناردی بۆ سوپاو جەنگەکەی، هەر لەو ساڵەدا وشکەساڵی دەستی پێکردو هەردوو هۆکاری سەرەوە بوونە هۆی بەرپابوونی بێکاریو برسییەتییەکی زۆر ترسناک کە مردنی سەدان کەسی لێکەوتەوە.

پێش ئەوەی گرانییەکە دەست پێبکات خواجە کریم برنجو دەغڵو دانێکی زۆری کڕی و خستییە عەمبار قایمی کرد و کاتی تەنگانە قۆڵی لێهەڵماڵی و هاتە پێشەوە وەک فریشتەیەک بۆ ڕزگارکردنی لێقەوماوان بەفرۆشتنی دەغڵو دان بە پارەیەکی کەم بۆ ئەوانەی کە توانای کڕینیان بوایەو بەخۆڕاییش بۆ فەقی و هەژارو دەستکورتەکان، جگە لەوەش بەشەو لەئاشەکەی خۆی (ئاشی گاوران) کە تائێستا ئاسەوارەکانی ماوە (تەنیشت دواناوەندی بازرگانی کەریمی عەلەکەدایە لەسەر شەقامی کەریمی عەلەکە) گەنمی ئەنارد بۆ هاڕین و بەرۆژ ئەکرایە نانو دابەش و ئەکرا بەسەر هەژاراندا، جگە لەمە بەمەنجەڵی گەورە ڕۆژانە شۆربای برنجو گۆشت لێئەنرا لەبەردەمی ماڵەکەیان و بەسەرە دابەش ئەکرا بەسەر فەقیرو هەژاراندا، هەندێک لەوێ ئەیانخوارد هەندێک ئەیانبردەوە بۆ ماڵو منداڵەکانیان، جگەلەوەش بەنهێنی پارەو نان یان ئاردی ئەنارد بۆ ئەو پیاوانەی کە ڕوویان نەدەهات بێنە بەردەم ماڵەکەی.

عەبدولکەریم هەر بەوە نەوەستا بەڵکو کە بیستی مزگەوتەکانی ئەو دەوروبەرە ئاویان کەمە خۆبەخشانە بڕیاریدا



سەرچاوە
Serchawe

لەکارێزی (حاجی عەباس) کە بەموڵکایەتی هی خۆیەتی ئاو بە (گونج) ڕابکێشێت بۆ ئەو مزگەوتانەی ئەو دەوروبەرە، وەک مزگەوتی (حاجی شێخ ئەمین، تەکیە ڕووتە، هەمزە ئاغا، شێخ محمدی بەرزنجی) جگە لەچاککردنی ئاودەستەکانیان.

هەروەها ئەمری دا بەکفنکردنو ناشتنی ئەو مردووانەی کە کەسیان نییە یان خاوەنەکانیان بێدەرامەتن. ٢

هەر لەکردەوە چاکەکانیشی جلی زستانەی ئەدایە قوتابییە هەژارەکانو خۆشی بەشەو ئەگەڕا بەسەرماڵە نەخۆشەکانداو دەرمانی بۆ دەکرین، مووچەی مانگانەی بڕیبووەوە بۆ هەندی قوتابی کە لەزانکۆکانی ئەستانبوڵ ئەیانخوێندو لەدەرئەنجامدا زۆربەیان بوون بەپزیشکو محامیو شاعیر.

لەگەڵ شێخ محمودی نەمردا زۆر نێوانیان خۆشبوو، خواستی یەکترییان دەویست، شێخ پڕ بەدڵ خۆشی دەویستو ڕێزی ئەگرت. کە پشێوی کەوتە شارەوە شێخ لەشار دەرئەکرێو ئینگلیزەکان ماڵی شێخ مەحمود هەراج دەکەن، گورج کەریمی عەلەکە هەڵدەستێت بەکرینی کەلوپەلەکانو حەشاریان ئەدا دوای گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی پارچە پارچە ئەیانداتەوە.

لەبەرواری ١٠ - ١٠ - ١٩٢٢دا حکومەتی شێخ مەحمود دامەزرا، عەبدولکەریم کرایە وەزیری دارایی حکومەتەکە، زۆر دڵسۆزانەو چالاکانە ئەرکەکانی ئەنجام ئەداو بێ کەمتەرخەمی و سستی.

ئەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە عەبدولکەریم ڕێبازێکی پیاوانەو مەردانەی خاکپەرستی هەبوو، کاتێک کە ئینگلیزەکان دەستیان کردن بەبۆردومانی سلێمانی بەتەیارەکانیان و شێخی نەمریش نەفی کرا بۆ هندستان و زۆربەی زۆرینەی خەڵک شاریان چۆڵکرد تەنها ماڵی ئەمانو ماڵ حاجی ئیبراهیم ئاغا نەبێت لەگەڕەکی گۆیژە ماڵیان بەجێنەهێشت، کاتێک ئینگلیزەکان هاتنە ناوشارو کەوتنە گەڕانو چاویان بەعەبدولکەریم کەوت سەریان سوڕماو لێیان پرسی بۆچ لێرە ماوی؟ لە وەڵامدا وتی: من نەوەی ئەم خاکەم، پاشەڕۆژیشم هەر لێرەدا ئەبێت ئیتر چۆن بەجێی ئەهێڵم، هەر بۆ مەبەستی بۆردومانی سلێمانی لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا بەنوێنەرایەتی پێنج ئەندامو عەبدولکەریم عەلکە یەکێک بوو لەو ئەندامانە بۆئەوەی بچن بۆ کەرکوک بۆ لای بەرپرسانی ئینگلیزو لەوێشەوە بۆ بەغدا بۆ لای مندوبی سامی بەریتانی بۆ ڕاگرتنی بوردومانەکە، لەئەنجامدا هەوڵەکانیان سەریگرتو ئینگلیز بۆردومانەکەی ڕاگرت.

کەریمی عەلەکە لەدواساڵانی ژیانیدا چووە شاری بەغداو لەوی نیشتەجێبوو و بەڵام هەمیشە شاری سلێمانی بەخاکو خەڵکەکەیەوە لەدڵیدا دەژیانو خەڵکی سلێمانیش ئەویان لەیاد نەکردووەو لەیادیشی ناکەن.

لەڕۆژی ٢٥ - ١ - ١٩٤٨دا دڵی مەزنی لەلێدان کەوتو لەگۆڕستانی کاسولیک بەخاک سپێردرا لە بەغدا.

جێگەی خۆیەتی وتەی هەندێک بەرێز بخەینە بەرچاوتان کە لەنزیکەوە کەریمی عەلەکەیان ناسیوە:

مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ) دەڵێت: پیاوێکی بەخشندەو دڵو دەرون ساف بوو، کردەوەکانی پیاوانەو ژیرانە بوو، نان بدە بوو، لەیارمەتی هەژاراندا دریغی نەدەکرد، ڕێزی گشت کەسێکی دەگرت، بۆیە خەڵکیشت زۆر ڕێزیان لێ دەگرت.

مامۆستا (ئەحمد خواجە) دەڵێت پیاوێکی پیاوانەو دەستە پیاو بوو، هەمیشە ڕووخۆشو دەم بە پێکەنینو سنگفراوان و دڵپاک بوو، گەرچی بەخێرایی دەئاخاوت بەڵام هەرگیز زیادەڕۆیی نەدەکرد، مرۆڤ حەزی دەکرد هەمیشە لەگەڵیدا گفتوگۆ بکات.

کەریمی عەلەکە کە خەڵکی لەمردن رزگار ئەکرد، یان کارێزی ئەبەخشی بەمزگەتەکان هەرگیز بیری لەوەنەکردووە کە ئەوان ئیسلامنو ئەو مەسیحییە، کە شێخی نەمریش ئەوی کرد بەوەزیری دارایی هەرگیز جیاوازی ئاینی بەبیردا نەدەهات، هەروەها ئێمەی مەسیحیەکانی سلێمانی مایەی شانازیمانە کە هەرگیز جیاوازی ئاین کاری تێنەکردووین کە ببێتە هۆی ناکۆکیو دوژمنایەتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە وەک برا بەتەباییو یەکسانی پێکەوە ژیاوین، کە ئەمە ڕوویەکی ڕۆشنی شارەکەمان پیشان ئەدا کە شایستەی ئەوەیە ڕەچاو بکرێت.

لەڕاستیدا لە هەموو خۆشی و نەهامەتییەکاندا بەشدار بووین بێ جیاوازی، لە زۆربەی بوارەکاندا رۆڵێکی دڵسۆزانە و بەرچاومان هەبووە بۆ خزمەتی شارەکەمانو لەهەموو پلەکانی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان هاوبەش بووین، بێبەش نەبووین لە قوربانیدانی رۆڵەکانمان لەپێناوی خاکو نیشتماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی سلێمانی لەئەوراقەکانی کەریمی عەلەکەدا



سدیق ساڵح

سلێمانی لەم دوو سەدو چەند ساڵەی تەمەنیا ژمارەیەکی زۆر پارەدارو دەوڵەمەندی تیا هەڵکەوتووە، بەڵام ئەوانەی زوو لەپاڵ چەند کەسێکی کەمدا بەتایبەت ناوی کەریمی عەلەکەو عەلی کەمال بەگ دەهێنرێت. ئەوەی لەناو کوردەواریدا لەباترەی ئەم پیاوە زانراوەو بەتایبەت لەناوچەی سلێمانی ئەوەیە لەتەنگانەو گرانیدا فریای خەڵک کەوتووە، ئەمە بۆ خۆی نیشانەی مرۆڤدۆستی ئەم پیاوەیە، کە بەڕاستی لەماهییەتی ژیان تێگەیشتووە، ئەو لەڕێگەی کاسبیو بازرگانییەکی حەڵاڵەوە توانیویەتی سەروەتو سامانێکی زۆر پێکەوە بنێ بەڵام لەهەمان کاتیشدا وەزیفەی ئینسانی خۆیشی بەجێهێناوەو توانیویەتی بەشێکی زۆری لەو دەسکەوتەی خۆی لەخزمەتکردنی خەڵکدا بەکاربهێنێت.

دیوێکی تری ژیانی کەریمی عەلەکە ڕاستی ئەوراقە بازرگانییەکانی ژیانییەتی کە من پێم وایە ئەگەر لەدیوی یەکەمی ئینسانی دۆستییەکەی گەورەتر نەبێت بەقەدەر ئەو بایەخو ئەهمیەتی هەیە، بۆ خۆم بۆ یەکەمجار لەزمانی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف-ەوە باسی بەڵگەنامەکانی کەریمی عەلەکەم بیست، ئەو بەڵگەنامانە هەتا کۆتایی سەدەی حەفتاو سەرەتای سەدەی هەشتا مابوون لەژوورێکی ماڵەکەیدا وەک مامۆستا عەبدولڕەقیب چەندجار بەحەسرەتەوە باسیدەکات، ڕەنگە بڵێم چارەکێکی ئەو ژورەی داگیر کردبوو کە گوایە لەهەزاران بەڵگەنامەو سجلی بازرگانی پێکهاتبوو، مامۆستا عەبدولڕەقیب چەند جارێک ئامۆژگاری ئەو کرێچییەی کردبوو کە ئەو بەڵگەنامان بپارێزێتو دەستکارییان نەکات، دیارە ئەویش لەبەر ئەوەی ژوورەکە چۆڵ بکاتو دەسکەوتێکی مادی هەبێت بۆ خۆی لەسەرەتای ساڵانی هەشتادا ئەیدا بەسەیارەی

زبڵو بەداخێکی زۆرەوە ئەو هەموو سەروەتە لەناودەچێت.

بۆ خۆم راستی وێنای ئەو کارەساتە مێژووییە گەورەیەم نەدەکرد هەتا ئەو ساڵانەی دوای بەڕێز دکتۆرە نەوالی سەیدەلی یەک دوو کارتۆن لە پاشماوەی ئەوراقەکانی کەریمی عەلەکەی بۆ هێنایین لەبنکەی ژین، زۆر شا گەشکە بووم پێی، لەخۆشیاندا ئەو دوو کارتۆنەم بردەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر چی ئەوە لەشوێنێکی زۆر خراپدا دانرابوو دوور لەڕووی ئێوە تەپوتۆزو خۆڵو لەبارێکی خراپدا بوو، لەماوەی ئەم سێو چوار ساڵەی دوایدا کارم لەسەر ئەو بەڵگەنامە بازگانییانەی کەریمی عەلەکەدا کردووەو بەڕاستی کۆمەڵێک خاڵو سەرنجم لەسەر ئەو بەڵگە نامانە لەلای خۆم گەلاڵە کردووە کە بتوانم لەداهاتوویەکی نزیکدا لەنووسینێکدا بڵاوی بکەمەوە.

خۆی بۆ خۆی پاراستنی بەڵگەنامە نیشانەی هەبوونی هۆشیارییەکی گەورەیە ئەگینا بازرگانێک هیچ پێوسیتی بەپاراستنی ئەوراقی بازرگانی خۆی نییە، چونکە لەساڵێکدا هەموو مامەڵە بازرگانییەکانی خۆی یەکلای بکاتەوەو پێویستیان پێی نەبێت، بەڵام دیارە ئەم بنەماڵەیە هەر لەکۆنەوەو لەزەمانی مەرحومی باوکییەوە ئەم بەڵگەنامانەیان پاراستووە.

ئەوەی کە لای ئێمە هەیە کۆنترین سجیلیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٠ هی ساڵانێکی زۆری تیایە بەرودوا هی ساڵانی ١٩٠٢، ١٩٠٣، ١٩٠٤، ١٩٠٨، ١٩١١، ١٩١٤، ١٩٢٠، ١٩٢٢، ١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٦، ١٩٣٤، ١٩٣٦، ئەمانە بەڕاستی ئەوراقێکی پەرشو بڵاون، بەڵام بایەخی خۆیان هەیە، دەبینی زۆربەی نامە بازرگانییەکانی خۆی لەدەفتەری ئەوەی کە ئێستا ئێمە پێی دەڵێین دوو بلی کەی کە کۆپی بووە ئەو نوسخە ئەسڵییەکەی کە ناردویەتی کۆپییەکەی ماوەتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو راپۆرتە بازرگانییانەی کە بۆ کەریمی عەلەکە هاتوون هەمووی دەزوو بەند کراون بەڕاستی بەشێوەیەک رەنگە ئێستا ئێمە بەو پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە ئەو سەلیقەیەمان نییە.

لەو نامە بازرگانییانەی کە بۆی هاتون نامەی وا هەیە هەمووی دوو سێ دێڕە، هەمووی لەسجلدا پاراستووە بەشێوەی رێکوپێکو زنجیرەی مێژوویی، ئەو تۆمارانە هەمووی ساڵی لەسەرە، مەسەلەن ١٨٩٠- ١٩٠١، بەم شێوەیە جگە لەوە ئەوکاتە باشترین هۆی گەیاندن، بریتی بووە لەبەرقییەو بروسکە، ئەو بروسکانەشی لەسجلی تایبەتدا دەزوو بەند کردووەو پاراستونی، ئەمە جگەلەوەی لەناو ئەو ئەوراقانەشدا کۆمەڵێک دەستنوسی ئاینی هەبووە بەزمانی سریانییە، ئەم بەڵگەنامانە بەزمانەکانی کوردی عەرەبی فارسیو تورکی سریانی نووسراون، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کەریمی عەلەکەو بنەماڵەکی ئەم زمانانەیان زانییوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەتوانیین بڵێین ئەو بەشەی كە ئێستا لای ئێمەیە لەبنكەی ژین لەسەدان لەهەزاران بەڵگەنامە پێكهاتبێت، بایەخی زۆریان هەیە بۆ لێكۆڵینەوەی مێژوویی‌و ئابووری لەكوردستان‌و ناوچەكەداو سلێمانی بەتایبەتی، لەپاڵ ئەوەشدا ئەبینیین زۆر زانیاری گرنگی مێژوویی تێدایە.

لەڕێگای ئەم ئەوراقە بازرگانییانەی كەریمی عەلەمەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە كەریمی عەلەكەو بنەماڵەكەی وەكیلیان هەبووە لەزۆر شوێن، مەریوان، سەقز، سابلاخ، تەورێز، كرماشان، ئەستانا، بەغدا، موسڵ، كەركوك، مارسیلیا، لەندەن، مانچستەر، زۆرجار ئەم نامانە ئاڵوگۆڕاوە لەبەینی كەریمی عەلەكەو ئەو وەكیلانەی كە لەو شوێنانەدا هەیبووە، ئەم ئەوراقانە تجارییانە بەڵگەی ئەوەیە كە بۆخۆی ئەو زەمانە، ئەگەر چی دوای دوادواییەكانی دەوڵەتی عوسمانی ئابووری ئەو دەوڵەتە داتەپیبوو بەڵام جموجۆڵێكی بازرگانی زۆر بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانیدا هەبووە، ئەم پەیوەندییانە ئەم وەكیلانە كە لەو شوێنانەدا هەبوون بەڵگەی ئەوەیە كە تیجارەتێكی زۆر گەرمو گوڕ لەو سەردەمەدا هەبووە، لێرەوە وەك لەڕێگای ئەم ئەوراقانەوە بۆمان دەردەكەوێت بازرگانی ئەوەكراوە كە ئەو داهاتانەی لێرە وەك پێستە، خوری، مازو، جەوت، بنێشت، بەتایبەتی توتن كە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئەم ناوچەیەو كوردستانیش بووە لەو سەردەمەدا زانیاری زۆر وردی تیایە، لەهەمان كاتیشدا وەكو دەردەكەوێت شەكرو چاو سابوون‌و شقارتەو قەندو ئاوریشم‌و گوێنی‌و قوماش وەكو كرێشەو كەتان‌و خام‌و ئەم شتانە لەڕێگای بازرگانییەوە هێنراوە، ئەمە جگە لەوە زۆر لەوردەواڵەی تر كە دیسان لەو ئەوراقانەدا جێكراوەتەوە، ئەم ئەوراقانەی وەكیلاكان زۆر زانیاری وردیان لەسەر ئەو ناوچانە داوە كەلێی بوون، زانیاری زۆر وردیان تۆماركردووە سەبارەت بەنرخی ئەو كاڵایانەی كە ویستراوە بكڕێن‌و بهێنرێن بۆ ئێرە وە سەبارەت بە بازاڕی ئەو كاڵایانەی كە ویستراوە لێرەوە ببرێت بۆ ئەوی لەهەمان كاتدا نرخی دراوەكان كە ئەو سەردەمە زیاتر لەنرخی قڕان‌و لیرەو پاوەن‌و ئەو شتانە بووە زانیاری زۆر وردی تیایە، جگە لەوە زانییاری زۆر وردی لەسەر كاروانچێتی ئەو زەمانە تیایە. خۆمان دەزانیین لەو زەمانەدا زیاتر كاروان بەئێسترو وڵاخ گواستراوەتەوە زانیاری زۆر وردی تیایە ڕێگەوبانیش وەك ئێستا ئەمین‌و ئاسایی نەبووە، زۆرجار ئەم كاروانانە تاڵانكراون‌و لەلایەن دزوو جەردەوە، زانیاری لەو بابەتەوە دیسان لەو ئەوراقانەدا هەیە لەهەمان كاتدا زۆرجار ئەو كاڵایانە كە لەسلێمانییەوە دەرچوون براونەتە كفری‌و وێستگەی شەمەندەفەر هەبووە لەكەنگربان لەوێوە براوە بۆ بەغداو شارەكانی تر.

هەر لەڕێگای ئەم بەڵگەنامانەوە دەبینین دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی ئەم بنەماڵەیە كەوتونەتە موڵك كڕین زانیبویانە كە ئەو بارو هەل‌ومەرجە سەقامگیرییەی كە دێتە پێشەوە بازرگانی زۆر دروستدەكات لەبەرئەوە كەوتونە موڵك كڕین‌و لەدەمركان‌و بەردەكەڕو تانجەرو موڵكیان كڕیووەو زانیاری لەو بارەیەوە هەیە، جگەلەوە زانیاری هەیە سەبارەت بەبنەماڵەكەی خۆی، مردنی دایكی، خانمی خوشكی، ژنهێنانی براكانی، زانیاریاری ورد لەسەر ئەوانە هەیەو لەسەر ئەو

بنەماڵانەش کە کچیان لێخواستون، لەو زانیاریانە مێژوویانەی کە زۆر گرنگە نەخۆشی کۆلیرایە لەساڵی ١٩٠٣ بۆ ١٩٠٤ بڵاوبۆتەوە.

ئەم نەخۆشییە سەرەتا لەشارەکانی نەجەفو کەربەلاو سەماوە داکەوتووەو دوای هاتۆتە سلێمانیو هەندێک لەمەسیحو موسوڵمانەکان بەم نەخۆشییە مردون، جگەلەوە حەمامی سورەت موڵکی کەریمی عەلەکە بووە، ئەم حەمامە چەندین کەس بە کرێ گرتویانە، نرخی کرێکەی ئەو وەزعەی کە ئەم حەمامە تێی کەوتووە بەتایبەتی لەکاتی بۆردومانەکەی سلێمانی لەساڵی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ دا کە کارێزی ئەم حەمامە هەرەسیهێناوەو تەعمیرکراوەتەوە هەر لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا زانیاری هاتووە لەسەر قەیسەری وەسمان پاشا کە لەساڵانی ١٩٨٠ لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا رووخا، چونکە یەکێک لە پشکدارەکاندا کەریمی عەلەکە بووە، لە پاڵ عیزەت بەگی وەسمان پاشاو عارف بەگی مەجید بەگو دیسان هەر ئەم قەیسەرە لەسەرو بەندی بۆردومانی سلێمانی سوتاوە دوایی نۆژەنکراوەتەوەو دەوری شەش هەزار روپێ کە پارەیەکی هندستان بووەو ئینگلیزەکان لەعیراقدا هێناویانەو بەکاریانهێناوە

ساڵانی ١٩٢٣ بۆ ١٩٢٤ کە سلێمانی بۆردمان کراوە هەرە قورسترینیان بۆردومانی رۆژی ٢٥ مایسی ساڵی ١٩٢٤ وە بەڵگە نامەکانی ئینگلیز ئاماژەی پێئەدەن دانیشتوانی سلێمانی ئەو سەردەمە ٢٠ هەزار کەس بووە لەو ٢٠ هەزارەدا تەنیا ٩٠٠ کەسێک لەشار ماونەتەوە ئەوانی تر هەموویان ئاوارەبوون، تاچوار مانگی پێچووە تا ئەو خەڵکە گەڕاونەتەوە و عەسکەرو خەڵک دەستیان هەبووە لەتالانکردنی بەشێک لەخانەکانی سلێمانی ئەو شوێنانە، ئاماژە بەوە دراوە قەیسەری وەسمان پاشاو گوزەری زیندرووەکان زەرەرمەند بوون، زۆر خانوو لەسلێمانی سووتاوەو چۆڵکراوە.

یەکێک لەو نامە زۆر گرنگانە، نامەی یەکێک لەوەکیلەکانی کەریمی عەلەکەیە کە دەڵی خۆم رامکردووە لەهوانەم شوێنەکانی تۆ شکێنراون تالانکراون و بەشێکم لەو شتانە لەخەڵک سەندۆتەوەو پاراستومە، زانیاری تیایە لەسەر هەندێک لەگەورە پیاوانی ئەو سەردەمەی سلێمانی کە رایان کردووە کە باسی حاجی ئیبراهیم خەفاف دەکات کە رایکردووە کە ئێستا لەگوندی وێڵەکەیە، دیسان لەو نووسراوانەی ساڵی ١٩٢٥ کەریمی عەلەکە زانیاری داوە بە بەغدا سەبارەت بەوەزعی سلێمانی کە سلێمانی سەقامگیری تیا نەکراوە، ئینگلیزەکان هاتوون تا رادەیەک ناوشار ئارامی بەخۆییەوە بینیوە بەڵام دەرەوەی شار هەر ماوە بەدەست هێزەکانی شێخ مەحمودەوەن و زۆر عەسکەر هجوم دەکاتو تێکشکاوە.

زانیارییەک کە خۆم بەلامەوە زۆر گرنگ بوو شەڕی نێوان شێخانو بنەماڵەی ئاغاکانە، کە چەند کەسێک لەبیرەوەریەکان ئاماژەیان پێداوە لەوانە کەریمی غەفورەفەنی، پیرەمێرد لەچەند وتارێک ئاماژەی پێداوە، خۆم زۆر هەوڵمدا نەمزانی ئەو

شەڕە لەکەیدا روویداوە، خۆشبەختانە لەڕێگەی ئەوراقەکانی کەریمی عەلەکەوە بۆمان دەرکەوت کەمو زۆر لەمانگی مارتو نیسانی ١٩٠٤ روویداوە دوایی حکومەت کەوتۆتە نێوانیانو سوڵحیانی کردووە.

یەکێکی تر لەخەسڵێتەکانی کەریمی عەلەکە ئەوەیە پیاوێکی دیندار بووە، زۆر جار دەبینین لەئەبرەشییەی کەرکوک بووە، ئەو وەختە سەرپەرشتی کڵێسەی سلێمانی کردووە سوپاسنامە بۆ باوکی بۆ خۆی هاتۆتەوە کە زۆر خزمەتی کڵێسەی سلێمانییان کردووە، لەهەمان کاتدا تەعمیری ئەو کڵێەسەیان کردووە لەساڵی ١٩٢٤ هەموو ئەو کارمەندو کاربەدەستانەی لەکەنیسکە کاریانکردووە ژیانی بۆ دابینکردون.

بیریشمان نەچێت بۆ یەکەم جار بەهیمەتی عەلەکە پۆلسی باوکی لەساڵی ١٨٦٢ بۆ یەکەم جار ئەو کڵێسەیەی لەگەڕەکی گاورانە دروستیان کردووە، کەریمی عەلەکە دوای ئەوەی شێخ مەحمود لەهندستان دەگەڕێتەوە نێوانی لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکدەچێت، دەبێت بەئەندامی ئەو وەفدەی لە ٣ی مارتی ١٩٢٣ بەسەرۆکایەتی شێخ قادری حەفید، کە شێخ مەحمود دەیانێرێت، حەمدی شاعیر بووە، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا بووە، ئەندامی ئەو وە فدە بوون کە رۆژی ٣ - ٣ ئەچن بۆ لای کاربەدەستانی ئینگلیز لەکەرکوکو لەڕۆژی ٢١ - ٣ دەچنە بەغداو هێنی دۆپسی کۆمیسێری بەرزی ئینگلیز دەبینن بەبەغدا لەڕۆژی ٢٣ی مارتدا مەلیک فەیسەڵ دەبینن بەداخەوە ئەو وەفدە هیچیان پێناکرێ، بەپێی ئەو ئەوراقە تیجاریانە کەریمی عەلەکە دوای ئەو رۆشتنەی ئیتر نەهاتۆتەوە بۆ سلێمانیو دەتوانیین بڵیین لەساڵی ١٩٢٣ لەکەرکوک جێگیربووە چونکە زۆر لەنووسراوەکان هەر لەکەرکوک بووە کە نووسراوی زۆری هەیە بۆ سلێمانی، وەک ئەو ئەوراقانە بۆ خۆی دەریدەخات کە تاساڵی ١٩٢٥ لەکەرکوک ماوەتەوەو پەیوەندی هەبووە بەسلێمانییەوەو دوای ئەو ساڵە چۆتە بەغداو تامردنی لەبەغدا بووە.

ئەم ئەوراقانەی کە ئێستا لای ئێمەیە لەبنکەی ژین چەند جارێک کارم تێدا کردووە، زانیاری زۆر گرنگی تیایە، دەهێنیت هیچ نەبێت بڕوانامەیەکی ماستەری لەسەر بهێنرێت و وەختی کە لێی ورد دەبیتەوە کاتی خۆی ئەو ئەوراقانەی کە ئەو بنەماڵە بەڕێزەی بۆیان جێهێشتوین و ئەوانەشی کە لەناوچووە چ خەسارەتێکی گەورە لەمێژووی میللەتی کورد کەوتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی کەریمی عەلەکە...

### وەزیرە مەسیحییەکەی حکوومەتی شێخ مەحمود و و خەمخۆرەکەی هەژارانی سلێمان



زانیار سەردار قرگەیی

(عەبدولکەریم ئەلیاس پۆڵس ئیبراهیم)، ناسراو بە (کەریمی عەلەکە) لە ساڵی (١٨٦٧) لە سلێمانی لەدایک بووە، گەورە بازرگانێکی مەسیحیی ناسراوی شاری سلێمانی بووە، کەسایەتییەکی بەهەڵوێست و بەخشندە و خۆبەخش و دەست و دڵ پاک و خەمخۆری هەژاران بووە، یارمەتیدەری لێقەوماوان بووە، هەر لەبەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی کراوەتە وەزیری دارایی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر، ئەو پۆستە گرنگە لەو سەردەمەدا تەنیا بەو ڕەوا بینراوە، دوای ئەوەی وەک کەسایەتییەکی مەسیحی ناسناوی بازرگانێکی بەخشندە و دڵواڵا و پیاوچاک و خەمخۆری هەژارانی لێ نرا.. ئەو لە قاتوقڕییەکەی ساڵی ١٩١٤ کە بە (ساڵی گرانییەکە) ناسراوە، تەنیا خۆراکی بەسەر هەژاراندا دابەش نەکردووە، بەڵکو بە مەنجەڵی گەورەی زنجیردار ڕۆژانە چێشتی شۆربا و خواردنی تر لێنراوە و بەسەر خەڵکیدا دابەشی کردووە، جگە لەوەش، جلوبەرگی بۆ قوتابییان کڕیوە و هاوکاریی کردوون، بە ئاوی کارێزەکەی ئاوی بۆ چەند مزگەوتێکی شار دابین کردووە، وێڕای چەندین هەڵوێستی جوامێرانەی دیکەی ئەم پیاوە بەنرخە. بۆیە وەک وەفایەک بۆ ئیەو پیاوە، لە شاری سلێمانی چەند باڵەخانە و دووکان و قوتابخانە و شەقامێکیش لە ساڵانی زووەوە بەناوی کەریمی عەلەکە ناو نراون.

سەبارەت بە کەریمی عەلەکە، مامۆستا لەتیف پۆڵس ئەستفان، کەسایەتیی ناسراوی مەسیحیی شاری سلێمانی گوتی:

"کەریمی عەلەکە فریشتەیەکی هەرە دەستپاک و فریاگوزاری شارەکەمان بوو.. لە هەر کاتێکدا و لە هەر کۆڕێکدا باسی گرانی و قاتوقڕی ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەنێوان ساڵانی (١٩١٦ - ١٩١٨) هاتبێتە پێشەوە، یەکسەر رەفتاری پیاوانە و بەخشندەیی (کەریمی عەلەکە)یان یاد هێناوەتەوە و زۆر بەڕێزەوە ناو براوە".

باوکی عەبدولکەریم کە ناوی (ئەلیاس پۆڵس ئیبراهیم)ە، لە ساڵی (١٨١٥)ی زاینی لە گوندی هەرمۆتە کە سەر بە قەزای کۆیەیە هاتووەتە دنیاوە، ئەو خەریکی (جاو) کڕین و فرۆشتن بووە، بۆ پەرەسەندنی کاسبی و بازرگانی هاتووەتە شاری سلێمانی و کاری بازرگانی لەگەڵ شارەکانی (سنە، بانە، هەمەدانی وڵاتی ئێران) و هەروەها لەگەڵ بەغدا ئەنجام داوە. عەبدولکەریم لە ساڵی (١٨٦٧) لە سلێمانی لەدایک بووە، کە کوڕە گەورەکەی ئەلیاس بوو، لە بواری بازرگانیدا هەمان رێوشوێنی باوکی گرتووە و توانیویەتی سەرکەوتووانە ئەو کارە ئەنجام بدات، کە محەل و خانووی هەبووە لە خانە سووتاوەکە، بە یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندەکانی شارەکە دادەنرێ، ناوی راستەقینەی (عەبدولکەریم ئەلیاس)ە، لەبەر خۆشەویستیی ئەلیاسەکەیان پێ وتووە و لەبەر گرانیی وشەکە بووە بە (عەلەکە) و لە ئەنجامیشدا بوو بە (ناسناو)ی خێزانەکەیان، کە یەکێکن لە خێزانە مەسیحییە خانەدانە کۆنە ناسراوەکانی شاری سلێمانی.

عەبدولکەریم کە هەندێک بە (خواجە کەریم) ناویان دەبرد، خوێندەوارییەکی باشی هەبوو، وێڕای زمانی کلدانی و عەرەبی و کوردی، زمانی تورکی و فارسییشی دەزانی، پیاوێکی لەخواترس و رەوشتبەرز و هەتا بڵێیت ئاقڵ و زیرەک و دووربین بووە، لەبەرئەوە خەڵکی زۆر بەڕێزەوە سەیریان کردووە، لە زۆربەی ناکۆکیی نێوان بازرگانەکان یان خێزانەکانی شاری سلێمانی روو کراوەتە ئەو پیاوە و ئەویش چارەسەری کێشەکەیانی بۆ کردوون، یەکێک بووە لە پیاوماقوڵانی سەردەمی خۆی و دانیشتوویەکی ناسراوی دیوەخانی بابانەکان و شێخانی ئەو کاتە و لە ماڵی خۆشیاندا گەلێک جار کۆڕیان گەرم کردووە.

کە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٩١٤)دا بەشداریی جەنگی یەکەمی جیهانی کرد و گەلی کوردیش ژێردەستەی بوو، وڵات شێوا، گەنج ئەبرا بۆ جەنگ، سوپای عوسمانی هەرچی ئازووقە و مەڕوماڵات هەبوو لە شارەکە دەستی بەسەردا گرت و ناردی بۆ سوپا و جەنگەکەی، هەر لەو ساڵەدا وشکەساڵی دەستی پێکرد و هەردوو هۆکاری سەرەوە بوونە هۆی بەرپابوونی بێکاری و برسیەتییەکی زۆر ترسناک، کە مردنی سەدان کەسی لێ کەوتەوە.

پێش ئەوەی گرانییەکە دەست پێ بکات (خواجە کەریم) برنج و دەغڵودانێکی زۆری کڕی و خستییە عەمبار و قایمی کرد، کاتی تەنگانە قۆڵی لێ هەڵماڵی و وەک فریشتەیەک هاتە پێشەوە بۆ رزگارکردنی لێقەوماوان بە فرۆشتنی دەغڵ و دان بە پارەیەکی کەم، بۆ ئەوانەی کە توانای کڕینیان بوایە، بەخۆڕاییش بۆ فەقیر و هەژار و دەستکورتەکان، جگە لەوەش بە

شەو لە ئاشەکەی خۆی (ئاشی گاوران) کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماوە، لەتەنیشت دواناوەندیی بازرگانیی کەریمی عەلەکەدایە لەسەر شەقامی (کەریمی عەلەکە)، گەنمی ئەنارد بۆ هاڕین و بە ڕۆژ ئەکرایە نان و دابەش ئەکرا بەسەر هەژاراندا، جگە لەمە، بە مەنجەڵی گەورە ڕۆژانە شۆربای برنج و گۆشت لە بەردەمی ماڵەکەیان لێ ئەنرا و دابەش ئەکرا بەسەر فەقیر و هەژاراندا، هەندێک لەوێ ئەیانخوارد، هەندێک ئەیانبردەوە بۆ ماڵ و منداڵەکانیان، جگە لەوەش بەنهێنی پارە و نان یان ئاردی ئەنارد بۆ ئەو پیاوانەی کە ڕوویان نەدەهات بێنە بەردەم ماڵەکەی.

عەبدولکەریم هەر بەوە نەوەستا، بەڵکو بیستی مزگەوتەکانی ئەو دەوروبەرە ئاویان کەمە، خۆبەخشانە بڕیاری دا لە کارێزی (حاجی عەباس) کە بە موڵکایەتی هی خۆیەتی، ئاو بە (گونج) رابکێشێت بۆ ئەو مزگەوتانەی ئەو دەوروبەر، وەک مزگەوتەکانی (حاجی شێخ ئەمین، تەکیە رووتە، هەمزە ئاغا، شێخ محەمەدی بەرزنجی)، جگە لە چاککردنی ئاودەستەکانیان، هەروەها فەرمانی دا بە کفنکردن و ناشتنی ئەو مردووانەی کە کەسیان نییە یان خاوەنەکانیان بێ دەرامەتن. هەر لە کردەوە چاکەکانیشی، جلی زستانەی ئەدایە قوتابییە هەژارەکان و خۆیشی بە شەو ئەگەڕا بەسەر ماڵە نەخۆشەکاندا و دەرمانی بۆ دەکڕین، مووچەی مانگانەی بڕیبووەوە بۆ هەندێ قوتابی، کە لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ ئەیانخوێند، لە دەرەنجامدا زۆربەیان بوون بە پزیشک و پارێزەر و مامۆستا و شاعیر و...

لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمردا زۆر نێوانیان خۆش بوو، شێخ پڕ بەدڵ خۆشی دەویست و ڕێزی ئەگرت، کە پشێوی کەوتە شارەوە، شێخ لە شار دەرئەکرێ و ئینگلیزەکان ماڵی شێخ مەحموود هەڕاج دەکەن، گورج (کەریمی عەلەکە) هەڵدەستێت بە کڕینی کەلوپەلەکان و حەشاریان ئەدا، دوای گەڕانەوەی ماڵی شێخ بۆ سلێمانی کەریمی عەلەکە پارچە پارچە ئەیانداتەوە. لە (١٠ - ١٠ - ١٩٢٢) حکوومەتی شێخ مەحموود دامەزرا، عەبدولکەریم کرایە وەزیری دارایی حکوومەتەکە و زۆر دڵسۆزانە و چالاکانە ئەرکەکانی ئەنجام ئەدا بەبێ کەمتەرخەمی و سستی، ئەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە عەبدولکەریم ڕێبازێکی پیاوانە و مەردانەی خاکپەرستی هەبوو، کاتێک کە ئینگلیزەکان بە فڕۆکەکانیان دەستیان کرد بە بۆردومانی سلێمانی و شێخی نەمریش نەفی کرا بۆ هیندستان و زۆربەی زۆرینەی خەڵک شاریان چۆڵ کرد، تەنیا ماڵی ئەمان و ماڵی حاجی ئیبراهیم ئاغا نەبێت لە گەڕەکی گۆیژە ماڵیان بەجێ نەهێشت، کاتێک ئینگلیزەکان هاتنە ناوشار و کەوتنە گەڕان و چاویان بە عەبدولکەریم کەوت، سەریان سوڕما و لێیان پرسی بۆچی لێرە ماوی؟ لە وەڵامدا وتی: من نەوەی ئەم خاکەم و پاشەڕۆژیشم هەر لێرەدا ئەبێت، ئیتر چۆن بەجێی ئەهێڵم! هەر بۆ مەبەستی بۆردومانی سلێمانی لیژنەیەکی باڵا پێک هێنرا، بە نوێنەرایەتی پێنج ئەندام کە کەریمی عەلەکە یەکێک بوو لەو ئەندامانە، بۆ ئەوەی بچن بۆ کەرکووک بۆ لای بەرپرسانی ئینگلیز و لەوێشەوە بۆ بەغدا بۆ لای مەندووبی سامیی بەریتانی، بۆ ڕاگرتنی بۆردومانەکە، لەئەنجامدا هەوڵەکانیان سەری گرت و ئینگلیز بۆردومانەکەی ڕاگرت. کەریمی عەلەکە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا چووە شاری بەغدا و

لەویٚ نیشتەجیٚ بوو، بەڵام هەمیشە شاری سلێمانی بە خاک و خەڵکەکەیەوە لە دڵیدا دەژیان و خەڵکی سلێمانیش ئەویان لە یاد نەکردووە و لە یادیشی ناکەن.

رۆژی (٢٥ - ١ - ١٩٤٨) دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و لە گۆڕستانی (کاسۆلیک) لە بەغدا بە خاک سپێردرا.

جێگەی خۆیەتی کە لێرەدا وتەی هەندێک کەسایەتیی ناسراو بخەینە بەرچاو، کە لە نزیکەوە کەریمی عەلەکەیان ناسیوە:
مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ) کە سەردەمێک قازیی سلێمانی بووە، دەڵێت: "کەریمی عەلەکە پیاوێکی بەخشندە و دڵ و دەروون ساف بوو، کردەوەکانی پیاوانە و ژیرانە بوو، نان بدە بوو، لە یارمەتیی هەژاراندا درێغیی نەدەکرد، رێزی گشت کەسێکی دەگرت، بۆیە خەڵکیش زۆر رێزیان لیٚ دەگرت".

مامۆستا ئەحمەد خواجە، مێژوونووس و کەسایەتیی ناسراو دەڵێت: "کەریمی عەلەکە پیاوانە و دەستەپیاو بوو، هەمیشە رووخۆش و دەم بە پێکەنین و سنگ فراوان و دڵپاک بوو، گەرچی بەخێرایی دەئاخاوت، بەڵام هەرگیز زیادەڕۆیی نەدەکرد، مرۆڤ حەزی دەکرد هەمیشە لەگەڵیدا گفتوگۆ بکات".

مامۆستا لەتیف پۆلس ئەستفان، لە رووی جیاوازیی ئایینییەوە دەڵێت: "کەریمی عەلەکە کە خەڵکی لە مردن رزگار ئەکرد، یان کارێزی ئەبەخشی بە مزگەوتەکان، هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ئەوان ئیسلامن و ئەم مەسیحییە، کە شێخی نەمرییش ئەوی کرد بە وەزیری دارایی، هەرگیز جیاوازیی ئایینی بە بیردا نەدەهات، هەروەها ئێمەی مەسیحییەکانی سلێمانی مایەی شانازیمانە کە هەرگیز جیاوازیی ئایینی کاری تیٚ نەکردووین، کە ببێتە هۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە وەک برا بە تەبایی و یەکسانی پێکەوە ژیاوین، کە ئەمە روویەکی رۆشنی شارەکەمان پیشان ئەدا کە شایستەی ئەوەیە رەچاو بکرێت. لەڕاستیدا لە هەموو خۆشی و نەهامەتییەکاندا بیٚ جیاوازی بەشدار بووین و لە زۆربەی بوارەکاندا رۆڵێکی دڵسۆزانە و بەرچاومان هەبووە بۆ خزمەتی شارەکەمان و لە هەموو پلەکانی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان هاوبەش بووین، بێبەش نەبووین لە قوربانیدانی رۆڵەکانمان لەپێناو خاک و نیشتماندا".

هەروەها غەریب زێوەر، لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری سلێمانی، لە مانگی ٢ - ١٩٦٩دا دەنووسێت: "ناو و رەوشتی چاک ئەمێنیٚ و نامریٚ، ئەگەرچی ئەو کەسە با لە ژیانیشدا نەمابیٚ، بەڵام کاتیٚ کە ناوی هاتە پێشەوە، لای خەڵکی بەرێزەوە ناوی دەبرێت و تەنانەت چاکە و کرداری باشی لە دەروونی خەڵکیدا جێگیر دەبیٚ و ناکوژێتەوە و لە شوێنێکی واشدا جێی ئەکاتەوە کە هەزاران بەسەرهات روو بدات ئەو هەڵنەکرێنێت و لە جێی خۆشیدا بەسەرهات و چاکە و پیاوەتیی لیٚ

بگێڕێتەوە.. لەم دواییەدا کە شارەوانی ناوی شەقامەکانی ناو شاری سلێمانیی نا، شەقامێک ناو نرا بە ناوی (کەریمی عەلەکە)وە.

ناوبراو لە بنەماڵەیەکی کۆنی ئەم شارەیە و پشتاوپشت لەگەڵمان هاتووەتە خوارێ، لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشدار بوون و خۆیان جیا نەکردووەتەوە. کەریمی عەلەکە لەسەر ئایینی باوباپیرانی خۆی مەسیحی بوو، پیاوێکی راست و پاک و لەخواترس بووە و کرداری باشی خۆی پێشی خستووە لە ژیاندا. سەرەتا بە کاری بازرگانییەوە خەریک بووە، تا لە ئەنجامدا بەجۆرێک ئیشەکەی پەرەی سەندووە کە هەموو ناوچەی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتیشیگرتووەتەوە، شوێنەکەی خۆیشی لە (خانەسووتاو) لەگەڵ هاوشانەکانی ئەوسای خۆیدا بووە. لە دەوری حوکمڕانی شێخ مەحموودی نەمردا لە رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ دا بەشداریی کردووە و فەرمانی وەزیری مالییەی پێ سپێردراوە.

کەریمی عەلەکە یەکێک بووە لە پیاوماقوڵانی دیوەخانی بابانەکان و شێخانی ئەو سەردەمە و پیاوێکی زۆر عاقڵ و زیرەک و دووربین بووە. لەبەرئەوە هەر کە هەستی کرد بە روودانی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەغڵ و دانێکی زۆری عەمبار کرد و لە رۆژی رەشدا بە پارەیەکی کەم ئەیفرۆشت بەوەی توانای کڕینی هەیە و ئەوەشی نیەتی یارمەتی ئەدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە بە مەنجەڵی زنجیرداری گەورە هەموو ئێوارەیەک نان و چێشتێکی زۆری بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرد.. چاکە و پیاوەتیی ئەم زاتە بەوەشەوە نەوەستاوە هاوکاریی مزگەوتەکانی سلێمانیشی کردووە.

لە پاش بەسەربردنی تەمەنێکی پڕ لە چاکە و خێرخوایی و نیشتمانپەروەری لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ لە گۆڕستانی (کاسۆلیک) بە خاک سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

-----------------------------------------

# کەریمی عەلەکە یەکەم وەزیری بێ مووچەی کوردستان



ئا: جەواد حەیدەری

ئەرێ بە ڕاست ئەو کەسە کێیە کە پاش تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ بەسەر مردنیدا هێشتا نەک هەر لەسەر ئاستی سلێمانی، بەڵکوو لەسەر ئاستی کوردستان ناوی بە کەسێکی دەستپاک و دڵسۆز و میهرەبان و بەخشندە و لێهاتووە و نیشتمانپەروەر و مرۆڤدەست دەبرێت و ناوی لەسەر زارانە؟

ناوی تەواوی عەبدولکەریم کوڕی ئەلیاس کوڕی پۆلیس کوڕی ئیبراهیمە. ساڵی ١٨٦٧ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەناو خێزانێکی مەسیحی لەدایکبووە. نازناوی عەلەکە بۆ ناوی باوکی دەگەڕێتەوە کە خەڵکی سلێمانی بەهۆی خۆشەویستیان بۆ ئەلیاس و گرانی ناوەکەیەوە لەسەر زار بە ئەلیاسەکە ناویان بردووە و پاشان بە عەلەکە و دواتریش بە ئەلەکە ناویان هێناوە.

ئەگەرچی زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە لەبارەی قۆناغەکانی خوێندنی، بەڵام خوێندەوارییەکی باشی هەبووە و زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی زانیوە و هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە بە کەسێکی دەستپاک و بەڕێز و پابەند بە ئایینی مەسیح و بەخشندە و میهرەبان و دڵفراوان ناو و ناوبانگی دەرکردووە.

کەریمی عەلەکە بازرگانێکی لێهاتوو و بەتوانا بووە و ئەمەش وەک پیشە لە باوکییەوە بە میراتی بۆی ماوەتەوە.

هەندێک لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە هەر لەمنداڵییەوە لەزۆربەی گەشتە بازرگانییەکانیدا بۆ سنە و کرماشان و شوێنەکانی تر وەک یاوەر و هاوکار لە گەڵ باوکی بووە. ئەمەش وایکردووە کە کەریمی عەلەکە ببێت بە کەسێکی بە توانا و خاوەن ئەزموون لە بواری بازرگانیدا، بەجۆرێک لە دوای مردنی باوکی لەماوەیەکی کەم و کورتدا بووە بە بازرگانێکی دیار و سەرکەوتوو لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. بە تایبەتی لە نێوان شار و شارۆچکەکانی عیراق و نێوان سلێمانی و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لەگەڵ شامیش بازرگانی ئەنجامداوە.

کەریمی عەلەکە بەپێی بەرنامە و پلانێکی ورد خۆی بۆ بازرگانی تەرخان کردووە بەجۆرێک کە تەنها کارو چالاکییەکانی خۆی لە سنووری سلێمانی قەتیس نەکردووە و پەلی هاویشتووە بۆ زۆر شوێنی تر.بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە هەرسێ براکەی خۆی بە ناوەکانی روزق ئەللە، فرەنسیس و عەبدولڕەحیم وەرگرتووە. هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە کەریمی عەلەکە یەکەمین کەس بووە کە قەند( شەکری کلۆ) ی هاوردەی سلێمانی کردووە.

لەساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم کە بە ساڵانی قات و قڕی و بێ بارانی و وشکەساڵی ناسراوە، باری گوزەرانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی شاری سلێمانی لەئاستێکی خراپ و مەترسیدار بووە و هەندێک لەبەر نەبوونی پەنایان بۆ خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو هێناوە لەوەها دۆخێکدا کەریمی عەلەلەکە وەک فریادڕەسێک خزمەتێکی گەورەی بە دانیشتوانی شاری سلێمانی کردووە بە جۆرێک کە گەنم و ئاردی بەبێ بەرامبەر لەناو هەژاران و نەداران دابەشکردووە.

دووربینی و کارامەیی کەریمی عەلەکە هۆکارێکی سەرەکی و یارمەتیدەرێکی باش بووە تا بتوانێت لە دۆخێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیری جەنگەکە و لەسەروبەندی سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکان، گەنم وبرنج و دەغڵ و دانێکی زۆری کڕیوە و لەعەمبارەکانی خۆیدا پاشەکەوتی کردووە و ڕۆژانە خۆراکێکی زۆر لە لایەن کەریمی عەلەکە کراوە بەچێشت و بەبێ بەرامبەر بەسەر هەژاران و نەداراندا دابەشکراووە و جلوبەرگی بۆ منداڵانی هەژارا دابینکردووە و خەرجی و پێداویستی بۆ ئەو گەنجانەی سلێمانی دابینکردووە کە لە بەغدا و ئەستەنبوڵ سەرقاڵی خوێندن بوون.

کەریمی عەلەکە یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە نوێنەرایەتی سەرجەم مەسیحییەکانی باشووری کوردستان واژۆی ئەو نامەیەی کرد کە لەڕۆژی ٢٠ - ٣ - ١٩١٩ لەسەر پێشنیاری شێخ مەحمود بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس نێردراوە.

کاتێک کە کۆتایی بە حکومەتەکەی شێخ مەحمود هێنرا ماڵەکەی شێخ تاڵان کرا هەر وەک زۆربەی شوێنەکانی تر، لەم دۆخەدا کەریمی عەلەکە لەپەرۆشی بۆ جەنابی شێخ مەحمود سەرجەم کەلوپەلە بەتاڵانبراوەکەی شێخ مەحمود لە

تالانچییەکا کرپوەتەوە و لەدوای ئاسایبوونەوەی دۆخەکە هەموو بۆ شێخ گەڕاندۆتەوە بە بێ بەرامبەر. ئەمەش هەڵوێستێکی جوامێرانەی کەریمی عەلەکەیە بەرامبەر بە کورد و سەرکردەکانی کورد. پاش ئەوەی کە ڕۆژی ١٠ - ١٠ - ١٩٢٢ کابینەی حکومەتی کوردستان کە لە ٩ وەزارەت پێکهاتبوو ڕاگەیەندرا و کەریمی عەلەکە وەک وەزیری دارایی دەستنیشان کرابوو، کەریمی عەلەکە مووچەی مانگانەی وەزیری وەرنەگرتووە و خۆبەخشانە کاری کردووە و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو پیاوە تەنها لە خزمەتی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی دابووە.

لەپاش ڕووداو و پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی باشووری کوردستان بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٣ کەریمی عەلەکە بڕیاریدا بۆ هەمیشە شاری سلێمانی بەجێبهێڵێت و لەشاری کەرکوک نیشتەجێ بێت. بەپێی سەرچاوەکان لە کەرکوکیش چەندین کاری خێرخوازی و مرۆیی ئەنجامداوە. پاشان ڕوویکردۆتە بەغدا و لە ڕۆژی ٢٥ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لەشاری بەغدا کۆچی دواییکردووە و لەگۆڕستانی مەسیحییەکان لەو شارە بەخاکسپێردراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی PUKmedia - ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٦

----------------------------------------

## کەریمی ئەلەکە؛ سیمبولی بەخشندەیی و پێکەوە ژیان



رۆژی ١٧ - ٣ - ٢٠١٨، لەهۆڵی رۆشنبیری سلێمانی بە ئامادەبوونی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و لاهور شێخ جەنگی و ژمارەیەک لە لێپرسراوانی حزبی و حکومی و رۆشنبیرانی شاری سلێمانی، سەنتەری هاوبەشی لوڕ لە یادی ٧٠ ساڵەی کۆچی دواییدا دیداری کەریمی ئەلەکە لە ژێر ناونیشانی (کەریمی ئەلەکە سیمبولی بەخشندەیی و پێکەوەژیان)ی سازکرد.

سەرەتای دیدارەکە بە چەند ساتێک وەستانو داگیرساندنی مۆم لە لایەن ئامادەبوانەوە بۆ یادی کۆچی دوایی کەریمی ئەلەکە دەستپێکرد، دواتر وتەی بەخێرهاتن لە لایەن سیروان جەلال سەرپەرشتیاری گشتی دیدارەکەوە خوێندرایەوەو پاشان وتەی سەنتەری هاوبەشی لوڕ لەلایەن (جەبار یاوەر) سەرۆکی سەنتەرەکەوە خوێندرایەوە، دواتر فیلمێکی دۆکیۆمینتاری لەسەر ژیانی کەریمی ئەلەکە نمایشکرا.

پاشان پانێلێک بەڕێوەچوو کە تێیدا سێ توێژینەوەی لەخۆگرتبوو، لەلایەن چەند توێژەرێکەوە لەبارەی ژیان و کارەکانی کەریمی ئەلەکەوە خرانەڕوو، توێژینەوەکانیش بریتیبوون لە:
ژیان و کەسێتی عبدالکریمی ئەلەکە- د. ئامانج حەسەن.
مرۆڤدۆستی ڕاستەقینە- مامۆستا لەتیف پۆڵس.
ڕۆلی چاکخوازی کەریمی ئەلەکە لەشاری سلێمانیدا- مامۆستا خالد سابیر.



سەرچاوە
Serchawe

لە کۆتایی دیدارەکەشدا خەڵاتی تایبەت لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەخشرایە بنەماڵەی کەریمی ئەلەکە، هەروەها چەند بڕوانەمەیەکی ڕێزلێنان بەخشرایە هەریەک لە توێژەران و چەند کەسایەتییەکی تر.

دەربارەی سازکردنی ئەم دیدارە «جەبار یاوەر» سەرۆکی سەنتەری هاوبەشی لوڕ ڕاگەیاند: کەریمی ئەلەکە کەسایەتییەکی ناوداری شاری سلێمانییەو بەخشندە بووەو کەسێکی مەسیحی بووە، بەڵام ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەهاوکاریکردنی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان و هەروەها شارەزا بوو لە بواری دەوڵەتداری و هەر لەبەر ئەو هۆکارەش کراوە بەوەزیری دارایی کابینەکەی شێخ مەحمودی حەفید لەسەردەمی مەلیکی کوردستاندا. وتیشی: یەکێک لەئامانجی سەنتەرەکەشمان هەوڵدانە بۆ پتەوکردنی نێوان هەموو ئەو پێکهاتەکانی لەکوردستان دەژین و بەپێویستیشمانزانی بۆ ئەم مەبەستە یادێک بۆ ڕۆڵ و کەسایەتی «کەریمی ئەلەکە» بکەینەوە.

شایانی باسە کەریمی ئەلەکە ناوی تەواوی عەبدولکەریم ئەلیاس کوری پۆلیس کوڕی ئیبراهیمە، ساڵی ١٨٦٧ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە خێزانێکی مەسیحی کلدانی لەدایکبووە، بازرگانێکی بەتواناو لێهاتوو بووەو ئەم پیشەیەشی لەباوکییەوە بۆ ماوەتەوەو لەکاتی گرانی و جەنگی جەنگی جیهانی یەکەمدا خزمەتێکی گەورەی مرۆیی پێشکەش بە دانیشتوانی شاری سلێمانی کردووەو لە کابینەکەی حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید پۆستی وەزارەتی دارایی (مالیە)ی پێ سپێدراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٦

----------------------------------------

## سلێمانی.. یادی کەریمی عەلەکە کرایەوە



سلێمانی یادی وەزیرە بەخشندەکەی حکومەتی مەلیک مەحمود دەکاتەوە

ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ دیدارو ڕێوڕەسمی ٦٨ەمینساڵیادی کەسایەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی کەریمی عەلەکە لەهۆڵی سینەمای سەردەم لەشاری سلێمانی سازدرا.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بەرپرسانی حکومی و حزبی و ژمارەیەک لە برا مەسیحییەکان و ڕووناکبیران و ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیان ئامادەبوون.

لەسەرەتادا خەلیل عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری خوێندەوە. دواتر مامۆستا لەتیف پۆڵس وتاری مەسیحییەکانی سلێمانی پێشکەشکرد. لەدوای ئەوەش فیلمێکی بەڵگەنامەیی تەلەفزیۆنی خاک لەسەر ژیانی کەریمی عەلەکە نمایشکرا.

لەبەشێکی تری دیدارەکەدا سێ لێکۆڵینەوە لەلایەن بەڕێزان (سدیق ساڵح، د.ئاکۆ شوانی، جەمیل عیسا) پێشکەشکراو لەچەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تیشک خرایەسەر کەسایەتی کەریمی عەلەکە.

لەکۆتایی مەراسیمەکەشدا خەڵاتی ڕێزلێنانی وەزارەتی رۆشنبیری پێشکەش بەبنەماڵەی کەریمی عەلەکە کرا.

ئەمەش دەقی وتاری وەزارەتی رۆشنبیرییە:

ئامادەبووانی بەڕێز

خوشکو برا مەسیحییە خۆشەویستەکان

میوانە ئازیزەکان

ئەم کاتەتان باش..

سەرەتا بەناوی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان ئەکەم بۆ دیدارو ڕێوڕەسمی ٦٨ـەمین ساڵیادی کەسایەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی (کەریمی عەلەکە).

بەڕێزان..

ئەمڕۆ یادی کەسایەتییەکی گەورەونموونەیی ئەکەینەوە کە زۆربەی ژیانی خۆی بۆ خزمەتی خاک و نیشتمانەکەی بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی تەرخانکرد.

کەریمی عەلەکە پیاوێکی مەسیحی بووەو بەرەچەڵەک خەڵکی گوندی هەرمۆتەی ئامێزی چیای باواجی نزیک شاری کۆیە بووە.

ئەلیاس پۆلێی باوکی کە بازرگانێکی گەورە بووەو کاری بازرگانی لەنێوان شارەکانی سنەو سلێمانی و کۆیەو بەغدادا کردووە، بەهۆی فراوانبوونی کارەکەیەوە لەساڵی 1860ـەوە خۆی و خانەوادەکەی هاتوونەتە شاری سلێمانی و لەگەڕەکی گۆیژە نیشتەجێ بوون.

کەریمی عەلەکە کوڕی ئەو پیاوەیەو لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. ئەو کەسێکی زرنگ و وریاو خوێندەوار بووە، بێ لەزمانی دایک، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی بەباشی زانیوە. عەلەکە هەمان ڕێچکەی کاری باوکی گرتووەتەبەرو کاری بازرگانی لەنێوان سلێمانی و سنەو بەغداو دیمەشق کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

عەلەکە کەسێکی دەست و دڵ باش و بەخشندەو خێرخواز بووەو بەحاتەمی تەی سلێمانی ناسراوە. لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان و نەهامەتی و برسێتی و قاتوقڕی سەفەربەلکدا فریای هەژاران و لێقەوماوانی شاری سلێمانی کەوتووەو چەندین خێزانی لەمردن رزگار کردووە. بەوەش مێژوویەکی پڕ لەشانازی و سەروەری بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تۆمار کردووە.

هەربۆیەش وەک کەسایەتییەکی بەدیمەن لەهەموو لایەکەوە رێزلێگیراو بووەو لەسەردەمی عوسمانییەکاندا پلەی دادوەری لەدادگای سزای سلێمانی هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە دارایی و بازرگانییەکان.

ئەم کەسایەتییە گەورەیە جێگەی رێزو متمانەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی نەمر بووەو هەربۆیەش ئەرکی وەزیری دارایی لەکابینەی حکومەتی کوردستاندا پێبەخشیوە، لەو رێگەیەوە عەلەکە خزمەتێکی زۆری بەحکومەت و خەڵکی سلێمانی کردووە.

ئەوەی پێویستە سەبارەت بەبنەماڵەی کەریمی عەلەکە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە ئەوان لەسەرەتای هاتنیان بۆ شاری سلێمانی، بەردی بناغەی پەیوەندییەکی دروستی دۆستانەیان لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا داناوە، جیاوازی ئاینی هیچ کێشەو گرفتێکی بۆ دروست نەکردوون و بەڵکو ئەوەی ئێستا پێیدەوترێت دیالۆگی نێوان ئایین و شارستانییەکان، زیاتر لەسەدەو نیوێک لەمەوبەر بەعەمەلی لەم شارەدا دەستی پێکراوەو ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە پێکهاتە جیاوازەکانی سلێمانی چەندین ساڵە بەئاشتی و ئارامی لەباوەشی ئەم شارەدا پێکەوە ئەژین.

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەبایەخەوە ئەڕوانێتە رۆڵ و خزمەت و بەخشش و بیرو تێڕوانینە شارستانی و پێشکەوتنخوازەکانی کەریمی عەلەکەو مەسیحییەکانی ترو تەواوی خەڵکی ئەم شارە، بڕوامان وایە کە ئەبێ ئێستاش ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بەو شێوازە دروستە مامەڵە بکەن و سوود لەو ئەزموونە سەرکەوتووە وەربگرن.

ئامادەبووانی بەڕێز..

ئەگەرچی لەسلێمانی شەقامێک و قوتابخانەیەک کراوە بەناوی کەریمی عەلەکەو بڕیارە خانووەکەی بکڕدرێتەوەو نۆژەنبکرێتەوە وەک یادگارییەکی ئەو پیاوە بمێنێتەوە، هەموو ئەوانە جێگەی دەستخۆشین، بەڵام ئەم کەسایەتییە گەورەیە هی ئەوەیە کە چەندین دەزگاو سەنتەرو باخچەو شوێنی دیکەی بەناووە بنرێت.

بەڕێزان..

راستە ئەم پیاوە گەورەو بەخشندەیە 68 ساڵ لەمەوبەر دوامالئاوایی کرد، بەڵام هەردەم ناو و ناونیشانی و بیرو تێڕوانینەکانی بەنەمری و زیندوویی دەمێننەوەو وەک نموونەی نیشتمانپەوەری و بەخشندەیی و لێبوردەیی ئاماژەی پێئەکرێ.

ئامادەبوانی بەڕێز..

بەپێویستی ئەزانم کە بەناوی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە زۆر سوپاسی خوشکی گەورەمان خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بکەم کە ئەرکی ئەم یادەی گرتە ئەستۆو هەردەم پشتیوان و هاوکاری کاری رۆشنبیری و خێرخوازی بووە.

سوپاس بۆ برا مەسیحییەکان کە هاوکاری ئەنجامدانی ئەمکارە بوون بەتایبەت کاک ئامانج شەمعون و مامۆستا لەتیف پۆڵێ و کاک شوان.

سوپاس بۆ هەرسێ توێژەر بەڕێزان (سدیق سالح، د.ئاکۆ شوانی، جەمیل عیسا) کە بەتوێژینەوەکانیان زیاتر کەریمی عەلەکە بەئێوە ئەناسێنن.

سوپاس بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی و تەلەفزیۆنی خاک و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە رۆڵی دیاریان هەبوو لەسازدانی ئەم رێورەسمەدا.

لەکۆتاییدا درودی رێزو وەفاو ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی کەریمی عەلەکەی کەسایەتیی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و فریادڕەسی هەژاران.

ئێوەش هەر شادو سەرکەوتوو بن..

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٣٠ی جانیوەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ئێستا کەریمی عەلەکە مابوایە، چی ئەیگریاندەوە؟!



کەریمی عەلەکە لە کریستانەکانی شاری سلێمانیە...ئەم زاتە لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ژیاوە...هاوسەردەمی شێخ مەحموودی نەمرە..ئەم زاتە ،یەکێک بوە لە خواپێداوەکانی شارەکە بوە..بەهەشتی کەریمی عەلەکە لە برسێتی ونەهامەتی ..ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دەمی عەمارەکانی بۆبرسیەکانی شارکردەوەو، خەڵکانی شار هەرکەسەو بەشی خۆی لەگەنم و برنج و... هتد برد....

قانعی شاعر لە ستایشی کەریمی عەلەکەدا فرمووی:

هانێ کلیلی عەماری چۆڵت
هانێ حیسابی دەفو کەشکۆڵت
پیاوەتیت ناکەم مەڵێ مەلەکە
دەبم بە بەردەست کەریم عەلەکە

قانعی شاعری هەژاران، لەشیعرەکەیدا لە گە مەلەک میکائیل کە بەرپرسی رزق و رۆزیە قسان دەکا و دەڵێ:

هانێ کلیلی عەماری چۆڵت،

ئانێ حیسابی دەفو کەشکۆڵت...

پیاوەتی تۆ ناکەم، مکائیلێ،

مەڵێ مەلائیکەم ...خزمەتکاریی کەریمی عەلەکە دەکەم کە دەمی عەمارەکانی بۆ برسیەکانی شارکردەوە... مکائیلێ، کەچی تۆ هیچت لە دەست نەهات...

لەوی گەڕێ.... لەوی گەڕێ؟

لە کەریمی عەلەکەیان پرسی.. ساڵەکانی جەنگەکەو برسێتیەکە، چی زۆر گریانتی؟

فەرمووی... جارێکیان لە بازاڕەوە بەرەو ماڵ بەڕێوە بووم.. بینیم ژنێک لە نزیکی بۆری مووبەقەکەمان لە کۆڵانەکەمان دانشتبوو، هەر دانە برنجێک دەهاتە دەرەو، ژنەی برسی هەڵیدەگرتەوەو دیخوارد... ئەو ڕووداوە زۆر گریانمی و هەتا دەچمە قەبرەکەمەوە لە بیرم ناچێ...

بەڕێزەکە، بەهەشتیی... کەریمی عەلەکە.. ئەگەر ئەمڕۆ لە کوردستان بژیبیای و گوێت لە شایەتحاڵی مەلاکەی بە جبەکەوە لەسەر شاشەی NRT بوایە.. کە ژنێک بە لاشەی هەتککراوی شیر بۆ مناڵەکەی پەیدا دەکا، چەندێ دەگریای؟ حەوت پشتەکەم عەلەکە، ئەمڕۆ لەوانەبوو، نەگریایەیت.. چونکە سیاسیەکانمانیش تەڵێکی مووی سمێڵیان بۆ ئەو ژنە نەجوولا... داخەکەم...

کەریمی عەلەکە، هەزاران جار ڕووحت شاد... ئەمڕۆ وڵاتەکەت و کۆمەڵگاکەت لە ڕۆژگارەکەی سەردەمی جەنابت برسیترە و کەسیش نیە نەک دەمی عەماربکاتەوە... داوانێ گەنم، ئارد برنج.. کورە ساوەر لە پێشی مناڵە شەهیدێکدا هەڵڕێژێ.... دە تێر بەسەر لاشەی هەتککراوی ژنەکانی میلکاندا بگری.... بۆ ناگری؟ سیاسیەکانمان نازانن بگرین.. بەڵام تۆ دەزانی جوان بگریت.. دە تێر بەسەرمانا بگری...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

-------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

کارێکی نوێم بۆ کەسایەتیەکی گرنگی نێومێژووی کورد پڕاو پڕ لە مرۆڤ بوون (کەریمی ئەلەکە)..

ئەم کارەش لەسەر ئەرکی بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسوڵ جێبەجێکراوە...

پەیکەرساز: چێنەر نزار



پووشپەڕی ٢٧٢٠ی کوردی = جوولای ٢٠٢٠ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe